المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 158-179

# دارشتەی کۆمەڵایەتی لە بۆتەی زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردیدا(تێروانین بۆ ئافرەت بە نمونە)

شەهرەزاد نایب موحەمەد[1]، بێستون حەسەن ئەحمەد[2]

[1]بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، عێراق
[2] کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: shahrazad.muhammad@uoh.edu.iq [1], bestun.ahmad@univsul.edu.iq[2]

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی"دارشتەی کۆمەڵایەتی لە بۆتەی زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردیدا (تێروانین بۆ ئافرەت بە نمونە)" یە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە بواری زانستی زمانیی کۆمەڵایەتیدایە و کاری لەبارەی دارشتەی کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی لە زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردیدا کردووە، دارشتەی کۆمەڵایەتی بەشێکی دانەبڕاوە لە زمان و کۆمەڵ، لە ئاخاوتنی رۆژانەی ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت، زمانیش دەرخەری لایەنی ئاوەزمەندی و بیرکردنەوەی کۆمەڵە، کە لە رێگەی دارشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرجەستە دەکرێت. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بیرکردنەوەکانی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر مێینە لەرێگەی دارشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە شیبکرینەوە و بخرێنە روو.

ناوەڕۆکیی توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، دابەشی سەر دوو بەش کراوە: بەشی یەکەم: بە ناونیشانی(پوختەیەك لەبارەی دارشتەی کۆمەڵایەتییەوە)، کە چەند بابەتێك لەخۆدەگرێت، ئەوانیش(چەمك و زاراوەی دارشتەی کۆمەڵایەتی، بۆچوون و راڤەی دارشتەی کۆمەڵایەتی، جۆرەکانی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان، چۆنیەتی دارشتنی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان، دروستەی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان). بەشی دووەم: تایبەتە بە (دارشتەی کۆمەڵایەتی لە بۆتەی زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردیدا) و ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت(پەیوەندیی نێوان زمان و بیر پەیوەست بە دارشتەی کۆمەڵایەتییەوە، کاریگەریی بیر و زمان بەسەر یەکدییەوە، بیرکردنەوەی کۆمەڵ، بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر بە ئافرەت.)، لە کۆتایدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و لیستی سەرچاوە بەکارهێنراوەکان خراونەتەڕوو.

**کلیلە وشە:** دارشتە، دارشتەی کۆمەڵایەتی، بیر، بیرکردنەوەی کۆمەڵ، کۆمەڵی کوردی.

**الملخص:**

هذا البحث بعنوان "التشكيلة الاجتماعية في اللغة والفكر الكوردية (وجهات نظر عن امرأة كنموذج)" ، أي أنه في مجال علم اللغة الاجتماعي، وقد تناول التشكيلة الاجتماعية وأنواعها في اللغة والفكر الكوردية، والتفكير الجمعي المتجسد من خلال التشكيلة الاجتماعية. تحاول هذه الدراسة تحليل وعرض أفكار المجتمع الكوردية مقابل امرأة من خلال التشكيلة الاجتماعية.ينقسم محتوى هذا البحث إلى فصلين: الفصل الأول: ملخص التشكيلة الاجتماعية، ويتضمن عدة مباحث، وهي: (المفهوم والمصطلحات التشكيلة الاجتماعية، وجهات نظر و تفسيرات التشكيلة الاجتماعية وأنواعها). أما الفصل الثاني، فقد خصص لموضوع (التشكيلة الاجتماعية في اللغة والفكر المجتمع الكوردية)، وتضمن المواضيع التالية: (العلاقة بين اللغة والفكر فيما يتصل بالتشكيلة الاجتماعية، و تأثير كل منهما في الاخر، تفكير المجتمع، تفكير المجتمع الكوردية عن المرأة). وأخيرا، عرضت أهم الاستنتاجات التي توصلت إليها، وقائمة المصادر المستخدمة.

**الكلمات المفتاحية:** التشكيلة، التشكيلة الاجتماعية، الفكر، التفكير الجماعي، المجتمع الكوردية.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**Abstract:**

This research is entitled "Social composition in the framework of Kurdish language and thought (View of women as a model)", which means that it is in the field of sociolinguistics and worked on social composition and its types in Kurdish language and thought Collective thinking, embodied through social compositions. This study attempts to analyze and present the thoughts of Kurdish society through social composition.

The content of the research is divided into two chapters:

Chapters One: A summary of social composition, which includes several topics, namely (concepts and terms of social composition, views and interpretations of social composition, types of social composition social ones).

The second chapter is dedicated to (social composition in the framework of language and thought of Kurdish society) and includes the following topics (language and thought, the relationship between them, the influence of thought and language on each other, social thinking and social thinking about women). Finally, the most important results obtained and the list of sources used.

**Keywords:** composition, social composition, thought, social thinking, Kurdish society.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە (داڕشتەی کۆمەڵایەتی لە بۆتەی زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردیدا (تێڕوانین بۆ ئافرەت بە نمونە)، کاری لەبارەی داڕشتەی کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی لە زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردیدا بەرانبەر ئافرەت کردووە، داڕشتەی کۆمەڵایەتی بەشێکی دانەبڕاوە لە زمان و کۆمەڵ، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت، زمانیش دەرخەری لایەنی ئاوەزمەندی و بیرکردنەوەی کۆمەڵە، کە لە ڕێگەی داڕشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرجەستە دەکرێت.

هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی توێژینەوەکە: داڕشتە و داڕشتەی کۆمەڵایەتی، وەك بابەتێکی زیندووی نێو زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و دەرخەری لایەنی ئاوەزمەندیی کۆمەڵی کوردی جێگەی گرنگیپێدان و باسە، بۆیە بە پێویستمانزانی لە کارێکی زانستیدا ئاوڕێك لەم بابەتە بدەینەوە. گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە تا ئێستا بە شێوەیەکی وەها باس لە وردەکاری و خستنەڕوو و ئاوەزمەندیی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر مێینە لە ڕوانگەی داڕشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە نەکراوە، هەروەها داڕشتە کۆمەڵایەتییەکان بنەمای چۆنێتیی بیرکردنەوە و دونیابینی مرۆڤی کوردە بۆ دیاردە و ژینگە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە ناساندن و شیکردنەوەی زانستییانەی داڕشتە کۆمەڵایەتییەکان و جۆر و دروستەکانیانە، لەگەڵ دەرخستنی ئاوەزمەندی و دونیابینیی کۆمەڵی کوردی لەبەر ڕۆشنایی داڕشتە و دەربڕینە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی کۆمەڵی کوردیدا، بۆیە تێیدا هەوڵدراوە بە نمونە و ڕونکردنەوەی پێویست داڕشتە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەرانبەر ئافرەت بەکاردەهێنرێن بخرێنەڕوو.

**کەرەستە و سنوور و ڕێبازی توێژینەوەکە:** کەرەستە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە ئەو داڕشتە و دەربڕینانەن، کە لە دیالێکتی کرمانجیی نێوەڕاستی زمانی کوردیدا- شێوەزاری سلێمانی داڕێژراون و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاربراون.

بۆ ئەم توێژینەوەیە سوود لە ڕێبازی پەسنیی شیکاریی، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرچاوە و بەڵگە و نمونەی پێویست بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە.

**پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جەختکردنەوەیە لە چۆنیەتیی بیرکردنەوە و تێگەیشتن بۆ ئەم پێناوەش گریمانەی توێژینەوەکە بەم پرسانە دەخەینەڕوو: داڕشتەی کۆمەڵایەتیی چییە؟ چۆن بەپێی بیرکردنەوەی کۆمەڵ داڕشتەی کۆمەڵایەتی بەرهەمدێت و لێکدەدرێتەوە؟ بۆچی هۆکارە دەوروبەرییەکانی وەك( بۆنەی گوتن، کات، شوێن، هاوبەشیکارانی ئاخاوتن، مەبەست، نیازو خواست....)، کاریگەرییان لەسەر هەردوو کردەی بەرهەمهێنانی زمانی و کردەی لێکدانەوەی داڕشتەی کۆمەڵایەتی هەیە؟ تێڕوانینی کۆمەڵی کوردی بۆ ئافرەت چۆنە و چی دەگرێتەوە؟


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، کە سەرەتایەکە بۆ چوونە نێو باسەکەوە، دابەشی سەر دوو بەش کراوە، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و ڕیزکردنی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، کە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێوەرگیراوە، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

**بەشی یەکەم:** بە ناونیشانی( پوختەیەك لەبارەی داڕشتەی کۆمەڵایەتییەوە)، کە چەند بابەتێك لەخۆدەگرێت، ئەوانیش(چەمك و زاراوەی داڕشتەی کۆمەڵایەتی، بۆچوون و ڕاڤەی داڕشتەی کۆمەڵایەتی، جۆرەکانی داڕشتە کۆمەڵایەتییەکان، چۆنێتیی داڕشتنی داڕشتە کۆمەڵایەتییەکان، دروستەی داڕشتە کۆمەڵایەتییەکان). بەشی دووەم: تایبەتە بە (داڕشتەی کۆمەڵایەتی لە بۆتەی زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردیدا) و ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت(پەیوەندییی نێوان زمان و بیر پەیوەست بە داڕشتەی کۆمەڵایەتییەوە، کاریگەریی بیر و زمان بەسەر یەکدییەوە، بیرکردنەوەی کۆمەڵ، بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر بە: ئافرەت).
بەشی یەکەم

**پوختەیەک لە بارەی داڕشتەی کۆمەڵایەتییەوە**

داڕشتەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گەورەی لە کۆمەڵدا هەیە، بەهۆیەوە تاکەکانی کۆمەڵ بیر و هەست و شوناسیان لە ناو کۆمەڵدا دەخەنەڕوو، کە ڕەنگدانەوەی بەها و نۆرم و پێکهاتەکانی دەسەڵاتی کلتوری ئەو کۆمەڵەیەیە، کە تێیدا دەژین. هەروەها لەڕێگەی داڕشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە تاکەکان لە ناو کۆمەڵدا پەیوەندیی بەیەکدییەوە دەکەن و ئاوەزمەندی تاك و کۆمەڵ دەردەخەن، دەتوانرێت بگوترێت، بە شێوەیەکی گشتی داڕشتە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی گرنگیی کارلێککردنی زمانی مرۆڤ و کۆمەڵە، کاریگەریی لەسەر تاك و کۆمەڵ و بیرکردنەوە و ئاوەزمەندییان هەیە.

**زاراوە و چەمکی داڕشتەی کۆمەڵایەتی**

>>داڕشتەی کۆمەڵایەتی<< زاراوەیەکی بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتییە، دەربراوێکی فرێزییە و فرێزێکی بە لێکسیم بووە. لە ڕێگەی سینتاکسەوە سازککراوە و لە پێکهێنەرەکانییەوە لێکسیمێکی تازەی پێکهێناوە، یاسای دروستبوونەکەی هەمان یاسای دروستبوونی فرێزی خستنەپاڵی هەیە، لە (دەرخراو+ ی + دەرخەر)پێکهاتووە[2]. کەواتە داڕشتەی کۆمەڵایەتی لەڕووی دروستبوونەوە لە هەر دوو زاراوەی>>داڕشتە<< و >>کۆمەڵایەتی<< پێکهاتووە.

>>داڕشتە<< زاراوەیەکی بواری زانستی زمانە، بۆ ئاماژەکردن بە مۆدێلێکی پێکهاتەی زمانێك، کە یەکەکانی زمانی تێدا بونیات دەنرێت، بەجۆرێك یەکە گەورەکان لە یەکەی بچوکتر پێکهاتوون، بۆ نموونە لە شیکردنەوەی ڕێزمانیدا، پەیوەندیی نێوان (ڕستە، فرێز، وشە، مۆرفیم)، هەندێکجار وەك یەك داڕشتە باسدەکرێت، دواتر دەتوانرێت ئەم پێکهاتانە لەڕووی واتای داڕشتەییانەوە ڕاڤەبکرێن(Crystal, 1992: 96 )، بە دەربڕینێکی دیکە، داڕشتە کۆی یەکە پێکهێنەرەکانی (وشە، فرێز، ڕستە)یە، کە پێکەوە یەکەیەکی زمانی هەڵگری واتا پێکدەهێنن، "واتاکەی بە شێوەیەك پەیوەندییدارە لەگەڵ ئەو مانایەی دەستدەخرێت لە ئەژمارکردنی واتای فەرهەنگی زنجیرەکە"(حسەین، 2009: 29)، هەر بۆیە "لە واتاسازیدا، واتای داڕشتەیی ئەوەیە، کە واتاکەی بریتییە لە کۆی واتای وشە پێکهێنەرەکانی"(حەمەئەمین، 2023: 48).

لەڕووی زاراوەوە لە زانستی زمانی کوردیدا جگە لە >>داڕشتە<<، بە زاراوەی >>پێکهاتە<<ش ناسراوە(حاجی مارف، 2014)، لە زمانی فارسیدا >>ساختار<< (فرهنگ معین، 1386)، لە زمانی عەرەبیدا >>تشکیلة<< (قاموس الوسیط، 2004 )، لە زمانی ئینگلیزیدا>>Composition<<،>>Construction<< ی بۆ بەکاردەهێنن(Crystal, 2008: 96,107) و (Oxford, 2002: 159).

کەواتە >>داڕشتە<< ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بونیاتنان و هەنگاوەکانی دروستکردنی یەکەیەکی یەکگرتوو و ڕێکخستنی بەشەکانی لەچوارچێوەی پێرەوێکی تایبەتدا بە بەکارهێنانی کۆمەڵێك یاسا(Crystal, 2008: 107)، داڕشتەکانی زمان بەپێی دەستوری زمانەکە بەرهەمدەهێنرێن و داڕشتەی وشەکان لە داڕشتەی دەستەواژە و ڕستەکاندا بەکاردەهێنرێن، کە خاوەنی فۆرم و واتان.

زاراوەی >>کۆمەڵایەتی<<ش "دەچێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، کە واتای ژیان لە کۆمەڵدا دەگەیەنێت، دەکەوێتە بەرانبەر ژیانی تاکە کەسییەوە"(موحسینی، 2006: 26)، ئاماژەیە بۆ هەر شتێك، کە پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە هەبێت، وەك کارلێکی تاك و گرووپەکان لە کۆمەڵێکدا، کە خاوەنی کلتور و دابونەریتی هاوبەشن، بە واتایەکی دیکە کۆمەڵێک چالاکیی و پەیوەندیی و پێکهاتە و پرسگەلێکی بەرفراوان و کارلێککردن لە گەڵیدا لە کۆمەڵدا دەگرێتەوە[3].

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية                ص:158-179
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دوای ڕوونکردنەوەی هەریەکە لەو دوو زاراوەیە، دەکرێت بگوترێت: >>دارشتەی کۆمەڵایەتی<<، وەك زاراوەیەکی بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، ئەو سنورەی فەرهەنگی ئاوەزییە، کە گرووپ و چین و توێژ و تاك بۆ پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لە فەرهەنگی مێشکیاندا جیایدەکەنەوە و دارشتەکانی تێدا دادەڕێژن، بە جۆرێك، کە بەهۆی دارشتە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانیانەوە خۆیان لە وانی دیکە جیادەکەنەوە.

کەواتە دارشتە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، کە مرۆڤ دایڕشتوون بۆ گەیاندن و جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان[4]، لە دەربڕینەکانی ڕۆژانە و بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن.

لەم ڕوانگەیەوە دارشتە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی کۆمەڵن لە لایەن تاك و گرووپ و توێژ و چینەکانی کۆمەڵەوە دارێژراون، لە ئەنجامی ڕێککەوتنی گرووپ و چینەکانی کۆمەڵ و کاریگەریی دابونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرهەمهاتوون و دەبن بە بەشێك لە لایەنی زانینی/مەعریفی تاکەکانی کۆمەڵ، سەرچاوەی زانینی تاك لێکدانەوەی ئاوەز و لۆژیك و کلتور و دابونەریت و ئایین و یاسا کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت(ئەحمەد، 2023: 6). هەروەها بە وردبوونەوەی زیاتر لە >>دارشتەی کۆمەڵایەتی<<، دەکرێت ئەم تایبەتییانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

1. دارشتەی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کۆمەڵ و سروشتی کۆمەڵە و ژیانی کۆمەڵایەتییە، لە ئەنجامی ئاوەزمەندیی کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە(وافي، 1983: 5).
2. دارشتەی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکە لە وشە و یەکەی زمانی، بە شێوەیەکی گشتی بەپێی جێندەر، پیشە، پێگەی کۆمەڵایەتی،...هتد، جیاوازی هەیە و دەگۆڕێت(ئەحمەد، 2023: 6).
3. دارشتەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەك بەرهەمهێنراون، کە لەگەڵ یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا یەکدەگرنەوە.
4. دارشتەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای زمان و ڕێککەوتنە کلتورییەکانی ناو کۆمەڵێکی دیاریکراو بەرهەمهێنراون.
5. دارشتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی بەستنەوەیان بە کۆمەڵەوە لە واتا و مەبەستەکەیان تێدەگەین، واتە واتاکانیان واتای کۆمەڵایەتیی(شێوازیی) دەگەیەنن، بەپێی ئەو کلتور و کۆمەڵەی بەکاریدەهێنن واتاکەی لێکدەدرێتەوە.
6. دارشتە کۆمەڵایەتییەکان چ لە شێوەی (وشە، فرێز، ڕستە)دابن بونیاتێکی دیاریکراویان هەیە، لە هەمان کاتدا خاوەنی (فۆڕم و واتا)ن.
7. فۆڕمی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان لە پاڵ واتای فەرهەنگیدا، واتای کۆمەڵایەتیشیان هەیە، کە دەتوانرێت بەچەند فۆڕمێك دەربڕێن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەمان واتا و چەمك دەگەیەنن، بڕوانە(1- أ)، دارشتەکە بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو کەس بەکاردێت و واتایەکی فەرهەنگی(بنەڕەتی) هەیە، بەڵام لە ئێستادا لە کۆمەڵی کوردیدا بۆ بۆنەی کۆمەڵایەتی(پرسە) بۆ کەسی مردوو بەکاردەهێنرێت و دەربڕینێکی کۆمەڵایەتی هەیە، هەروەها دەتوانین بە چەند فۆڕمێکی دیکە دەریببڕین و ببن بە هاوواتای یەکدی، بڕوانە(1-ب، پ، ت، ج).

(1) أ- >خوا عەفوی بکات. <
ب >تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێهێشتبێت. <
پ- >خوا بە بەهەشتی شاد بکات. <
ت->خوا سەبوریتان بدات. <
ج- >دوا ناخۆشیتان بێت. <

**دارشتەی کۆمەڵایەتی (بۆچوون و ڕاڤە)**

دارشتەی کۆمەڵایەتی لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا شیکردنەوە و توێژینەوەیان لێدەکەین، بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی بابەتەکە پشت بە زانیاریی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی بۆنە و بوارە جیاوازەکانی بەکارهێنانی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵدا دەبەستین.

ئامانج لە دارشتەی کۆمەڵایەتی ئەوەیە، کە زمان و کۆمەڵ پەیوەندیی و هاوبەشییان پێکەوە هەیە و کاریگەریی لەسەر یەکدی دروستدەکەن، چونکە وەك دوو دیوی دراوێکن و هیچ کامیان بەبێ ئەویدیکەیان نابێت، بناغەی هەر دارشتەیەکی کۆمەڵایەتی، زمان و کۆمەڵە. بڕوانە(2- أ،ب) بەپێی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی ڕێکخراوە و فۆڕمێکی زمانی پێکهێناوە، لە ڕوانگەی کۆمەڵیشەوە ئەم دارشتەیە تایبەتە بە کۆمەڵی کوردی و واتای کۆمەڵایەتیی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئاوەزمەندیی کۆمەڵی کوردی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

و تایبەتە بە ژن و نزایەکی ئافرەتانەیە بەرانبەر بە ژن بەکاردەهێنرێت، لە ئاوەزمەندیی کۆمەڵی کوردیدا، هەمیشە کوڕ بە پشت و پەنا و سەرچاوەی هێز و خۆشبەختی و...هتد. داناوە.

(2) أ- >کوڕت نەمرێت.<
ب - >بەدایکی کوڕان بیت. <

دارشتەی کۆمەڵایەتی زمان بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵ زیاتر سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە. واتای دارشتەکۆمەڵایەتییەکەش دارشتەیەکی ڕێکخراوی هەیە و پەیوەستە بە کۆمەڵەوە و لە لایەن گروپ و چین و توێژەکانی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی سروشتی کۆمەڵ ناتوانرێت لە دارشتەی کۆمەڵایەتی بکۆڵینەوە، چونکە زمان لە کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت. هەر لەبەر ئەوەشە دەگوترێت: دارشتە کۆمەڵایەتییەکان بونیاتی پێکهێنەرەکۆمەڵایەتییەکانن. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە پێیوایە: فۆرمەکانی دارشتە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، ڕەنگدانەوەی ئەزمونی کۆمەڵ و ئاوەزمەندی و لایەنە کۆمەڵایەتییە داهێنراوەکانی مرۆڤە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین سەبارەت بە دارشتەی کۆمەڵایەتی چەند بۆچوونێك بخەینەڕوو:

**بۆچوونی یەکەم**

زمان و کۆمەڵ تەواوکەری یەکدین و بە بێ یەك نابن، (ساپیر-وۆرف) بۆچوونیان وایە " دەربڕاوەکانی زمان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵن" (عەلی، 2011: 20)، هەربۆیە دارشتەی کۆمەڵایەتیش ڕەنگدانەوەی کلتور و ئاوەزمەندیی کۆمەڵە لە زماندا. بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەو دارشتەکۆمەڵایەتییانەیە، کە بەبێ گەڕانەوە و بەستنەوەیان بە کۆمەڵەوە لێکدانەوەی بۆناکرێت و واتاکانیان دیارینەکرێت، بڕوانە(3) دارشتەکانی پەیڕەوێکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنن و تایبەتن بە کۆمەڵی کوردی لە دەرەوەی ئەو پەیڕەوە واتاکانیان لێکنادرێتەوە.

( 3 ) أ-/دەرەبەگ/
ب-/ ڕەنجدەر /
پ- > سوڵحی عەشایەری<
ت - > ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی<

هەروەها بەپێی ژینگە و ناوچەکان، دارشتەی جیاواز بەرهەمدێت، ژینگەی کوردستان بەگشتی ناوچەی شاخاوییە و یەکێك لەو درەختانەی تێیدا ڕواوە درەختی گوێزە، لە کۆمەڵی کوردیدا وشەی /گوێز/ هەیە، کە دارشتەیەکی گشتی وەك /گوێز ژماردن/ی لێوە بەرهەمهاتووە، دواتر بووەتە هۆی دارشتنی دارشتەیەکی کۆمەڵایەتی، بڕوانە(4)، کە ئیدیەمێکی لێڵە، بەو واتایە دێت، کەسێك شتێك بۆ بەرانبەرەکەی باس بکات، بەڵام بەرانبەرەکەی هیچی لێتێنەگات، لە بەرانبەردا ژینگەی عەرەب زیاتر ژینگەیەکی گەرمە و درەختی خورمای لێدەڕوێت، هەر بۆیە درەختی خورما لە دارشتەکانیاندا بەرچاو دەکەوێت، لای عەرەب دارشتەیەکی جیاوازتر بەکاردەهێنن، بڕوانە(5)، کە بە واتای دارخورما بەرزەکان بەردەوام ڕەشەبا لێیدەدات، مەبەست لێی ئەو کەسانەی پلەی بەرز و دەسەڵات بەدەست دەهێنن، هەمیشە ڕووبەڕووی سەختی و ڕەخنە دەبنەوە.

(4) >دەڵێی گوێزی بۆ دەژمێرن. <
(5) >النخلة العالية لا تخلو من الرياح. <

لەمەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە دارشتەی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵە و لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە دەگۆڕێت، بەهۆی جیاوازی مێژوو و کلتوور و ژینگەکەیانەوە، هەروەها لەڕووی ماددی و گوزەرانیانەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەزموونی گەلان وەك یەکنین، لەبەرئەوە پێڕەوێکی جیهانی گشتگیرمان بۆ چەمکەکان نییە و لەئەزموونی ژیانی ڕۆژانەوە سەرچاوەی گرتبێت، خەسڵەتی دەروونی و بیرکردنەوە بەگۆڕانی گەلەکان دەگۆڕێت(صالح، 2020: 98)، بەم شێوەیە دارشتەی کۆمەڵایەتی بە ژینگە و سروشت و کۆمەڵەوە بەشێوەیەکی بەهێز بەستراوەتەوە، بەواتایەکی دیکە دیاردە ژینگەییەکان و یاساکانی لەمێشکدا لەبەرگرتنەوەی بۆ دەکرێت و وا لە مرۆڤ دەکات لێنیبیگات و بەسەریدا زاڵ ببێت، زمانیش لە بنەڕەتدا بە بەرجەستەکردنی بیر و ئەرکی گواستنەوەی بیر و ئاڵوگۆڕکردنی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵی لەسەرە(محمد، 2009: 21).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**بۆچوونی دووەم**

دارشتەی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە چین و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕۆڵی سەرەکی لە دارشتنی ناسنامەی کۆمەڵدا هەیە، پێگەی تاکەکان لە ناو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەخات، هەر وەك (لابۆڤ) لە کتێبەکەیدا بەناوی (چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی ئینگلیزی لە شاری نیویۆرک)ئاماژەی پێداوە و پێیوایە "دارشتەی کۆمەڵایەتی ئامرازێکی گرنگە بۆ ناسنامەی کۆمەڵایەتی، دەرخەری پێگە و دەسەڵاتی تاکەکانی ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵە" (Labov, 1966: 40-42 )، ئەمە وا دەکات لەکاتی ئاخاوتنی تاکەکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا هەڵبژاردنی وشە و دارشتەی جیاوازیان هەبێت، دەستپێداگەیشتنەکانیان جیان، بڕوانە (6):

(6) أ -<ئێمە بڕیارمانداوە و نایگۆڕین. >
ب-<ئەو بڕیارە بدەین کارێکی باشە؟ >
پ-<لێرە کەس گرنگیمان پێنادات. >

بە سەرنجدان لە نمونەکانی(6) دەرکەوێت، دارشتەی نمونە(أ) خاوەن پێگەیەکی بەرزە و پێگەی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، بەڵام دارشتەی(ب) پێگەی کۆمەڵایەتی مامناوەندە، دارشتەی (پ) پێگەی کۆمەڵایەتی نزمە.

**بۆچوونی سێیەم**

دارشتەی کۆمەڵایەتی لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن، (شێوازی بەکارهێنانی زمانە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا بۆ ئەنجامدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، وەك بەڵێندان، داوای لێبوردن،...هتد. )(Austin, 1962: 4-15) ، کە ئەمەش لە بنەڕەتدا ئەوە دەگەیەنێت، کە زمان تەنیا بۆ گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، کە لە ڕێگەی دارشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە جێبەجێدەکرێن و بە پێی بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان دارشتەی کۆمەڵایەتیی تایبەت بەکاردەهێنرێت. بڕوانە(7 ).

(7) أ- <پیرۆزتان بێت. >
<پیروخەڕۆبن. >
ب- <یاخوا کەنەفتی سەرجێگا نەبێت. >
<خوا دەست بە باڵتەوە بگرێت. >

بە تێڕوانین لە نمونەکانی(7) دەردەکەوێت، کە دارشتەکانی (أ) بۆ پیرۆزبایکردن بەکاردەهێنرێت، دارشتەکانی(ب)بۆ دوعاکردن بۆ نەخۆش بەکاردەهێنرێن.

**بۆچوونی چوارەم**

بەکارهێنانی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان دەرخەری جیاوازی جێندەرییە، هەر وەك(ڕۆبین لاکۆف) لە کتێبەکەیدا بەناوی (زمان و شوێنی ژن)ئاماژەی پێداوە، کە (دارشتەی کۆمەڵایەتی لە زماندا ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی جێندەرە و جیاوازییە جێندەرییەکان بەهێز دەکات)(Lakoff,1975)، ژنان و پیاوان زۆرجار زمان بە شێوەیەکی جیاواز بەکاردەهێنن بۆئەوەی لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵدا بگونجێت، هەروەها دارشتەکانیشیان جیاوازە، بە واتایەکی دیکە، ئەم جیاوازیی جێندەرییە بۆ جیاکاری دەربڕینی جێندەری وا دەکات دەستپێداگەیشتنی پیاو لە هی ژن جیاوازبن. بڕوانە (8)

(8) أ- <سکت نەسوتێت. >
<ئەیەڕۆ. >
ب- <خوا بە دڵی خۆتت بۆ بکات. >
<خوا بەرەکەت بخاتە ژیانتانەوە. >

دارشتەکانی(أ) دارشتەی ژنانە، بەڵام دارشتەکانی (ب) دارشتەی پیاوانە، لە کۆمەڵی کوردیدا بەکاردەهێنرێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**بۆچوونی پێنجەم**

لەکۆمەڵدا دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات هەیە، هێز و دەسەڵات لە کۆمەڵدا لە ڕێگەی دارشتەکانی زمانەوە دەردەکەوێت، (فێرکلاف)ئاماژەی بەوەداوە، کە (دارشتە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی پێکهاتەکانی دەسەڵاتن و دەتوانن نایەکسانی کۆمەڵایەتی بەهێزتر بکەن، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییە ئایدۆلۆژییەکان)(فێرکلاف، 2024: 33، ترجمة: عناي)، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت، دەسەڵات کاریگەریی لەسەر بەکارهێنانی زمان و دارشتە کۆمەڵایەتییەکانیش هەیە، ئەو کەسانەی خاوەن هێز و دەسەڵاتن و لە کۆمەڵدا پێگەی بەرزیان هەیە، دارشتەکانیان هەڵگری هێزە، بە پێچەوانەوە ئەوانەی بێدەسەڵاتن لە دارشتەکانیانەوە دەردەکەوێت، کە زمانی بێهز بەکاردەهێنن، بڕوانە (9)

(9) أ- >هەرکەس دژی بڕیارەکەم بوەستێت، خۆم سزای دەدەم. <

ب- >قوربان ملمان لە موو باریکترە بۆ فەرمانی جەنابتان. <

بێگومان دارشتەی(أ) زمانی هێزی تێدایە و لە لایەن کەسی بەدەسەڵاتەوە دارێژراوە، بەڵام دارشتەی(ب) زمانی بێهێزی تێدا دیارە و لە لایەن کەسی بێدەسەڵات و بێهێزەوە دارێژراوە.

بەم شێوەیە هەموو بۆچوونەکان لەسەر دارشتەی کۆمەڵایەتی کۆکن لەسەر:

1.زمان و کۆمەڵ پێکەوە دەبەستنەوە و گرنگی بە دارشتە و دەربڕینەکۆمەڵایەتییەکان دەدەن.
2.دارشتە کۆمەڵایەتییەکان لە ئایدۆلۆژیا و ئاوەزمەندیی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت.
3.لێکدانەوە و واتای دارشتە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستە بە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵە جیاوازەکانەوە، تایبەتمەندی کۆمەڵ نیشاندەدات.
4. ڕەنگدانەوەی کلتور و دونیابینی ئەو کۆمەڵەیە، کە ئەو دارشتەی تێدا بەکاردەهێنرێت.

لە دوای ئەم بۆچوونانەوە دەکرێت بگوترێت، دارشتە کۆمەڵایەتییەکان لە دونیابینی و ئاوەزمەندیی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت و بەبێ جیاوازی پەیوەستن بە ئاخێوەری گشتی زمانەوە بەپێی ژینگە و دەوربەری کۆمەڵایەتی و بارودۆخ و بۆنە و بوارەکۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێن و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت.

**جۆرەکانی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان**

دارشتە کۆمەڵایەتییەکان لە شێوەی فۆرمی وشە و فریز و ڕستەدا خۆیان دەنوێنن، دارشتە کۆمەڵایەتییەکان، هەڵگری واتای کۆمەڵایەتین و زادەی بیرکردنەوەی کۆمەڵن، چ وشەیەکی مۆرفۆلۆژی بن یاخود "ڕستەیەکی سادەی ئاسایی، لێکدراو و ئاڵۆز یاخود مۆرفۆسینتاکس بن، وەك بونیاتێك دادەنرێن، کە جوتکراوێکی تایبەتی فۆرم ـ واتان بۆ ئاخێوەران"(نالی، 2023: 180)، سەرجەمیان هەڵگری فۆرم و واتای تایبەت بەخۆیانن، واتای کۆمەڵایەتی بەپێی کلتور و دابونەریت دەبەخشن. لەڕووی دروستەوە دارشتە کۆمەڵایەتییەکان دابەشدەبن بەسەر چەند جۆرێکدا، ئەوانیش:

**یەکەم: دارشتە مۆرفۆلۆژییەکان**

ئەمجۆرە دارشتەیە بەوەدا دەناسرێتەوە، کە بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان و ڕەچاوکردنی کلتور و دابونەریتی کۆمەڵ بونیات دەنرێن، هەروەها مۆرفۆلۆژی ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتی دارشتنی وشەکان و گەیاندنی واتا لە ڕێگەی زمانەوە هەیە، چونکە مۆرفۆلۆژی لە دروستەی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە، هەروەها " توێژینەوەی پێکەوهاتن و پێکەوە بوونی جۆراوجۆری پێرەوبەندانەی فۆرم و واتایە لە وشەدا" (مەحوی،2010: 1).

دارشتە مۆرفۆلۆژییەکان پەیوەست بە کۆمەڵەوە دارشتەی ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە هەڵگری واتای کۆمەڵایەتین و بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان بەرهەمهاتوون، بەرهەمی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکانن و بە ئاوەزێکی کۆمەڵایەتییەوە دادەڕێژرێن. بڕوانە(

(10) (أ)- /ئاوەڵناو + ناو/ دارشتەی کۆمەڵایەتی(ناو)
/قەیرە کچ /، / پیرێ ژن/
/ ناو + ئاوەڵناو / دارشتەی کۆمەڵایەتی(ئاوەڵناو)
/ ڕووسور/، / ڕووسپی/

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:158-179
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(ب) /ناو + ناو/ دارشتەی کۆمەڵایەتی(ناو)
/مەلاژن/، / ئاغاژن /، / شێخ ژن /، /حاجی ژن/
(پ ) / ناو + م.لێکدەر + ناو/ دارشتەی کۆمەڵایەتی(ناو)
/ ژن بە ژن/، / مارەبەجاش/، /کچەمۆدێل/
/ناو + م.لێکدەر + ناو/ دارشتەی کۆمەڵایەتی(ئاوەڵناو)
/کەمەرشل/، / کەمەرتوند/
( ت) / ناو + ناوی ڕوداو/ دارشتەی کۆمەڵایەتی(ناوی ڕوداو)
/ پیازپاککردن/، / گوێزژماردن/، / ژنهەڵگرتن/
(خ) /ناو+ پریپۆزشن + ناوی ڕوداو/ دارشتەی کۆمەڵایەتی(ناوی ڕوداو)
/دەم بەپێکەنین/، /لێوبەخەندە/، /ئەڵقەلەگوێ/، /چاوتیبرین/، /گوێزبۆژماردن/

بەسەرنجدان لە نمونەکان، بۆمان ڕوندەبێتەوە، کە دارشتەکانی(أ، ب) بەڕێگەی لێکدان دروستکراون و لە دارشتەکەیاندا هیچ مۆرفیمێکی لێکدەر نییە، بەڵکو لە دوو مۆرفیمی واتادار بەرهەمهاتوون، هەریەکەیان هەڵگری واتایەکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی/کلتوری کۆمەڵی کوردیین، دارشتەکانی نمونەی(پ) بەهەمان شێوەن، بەڵام لەناو دارشتنەکەیاندا مۆرفیمی لێکدەر هاتووە، دارشتەکانی (ت، خ) دارشتەیەکی ئاڵۆزن و لە چەند مۆرفیمێك پێکهاتوون و بە پێی یاسای مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی سازکراون. ئەم دارشتانە لە زۆر دەربرینی دیکەی کۆمەڵایەتیدا بەکاردەهێنرێن، بە نمونە (هەڵگرتن) ناوی کردارێکە لەڕووی فۆرمەوە بە یاسای مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی دروستبووە و لە پێشگری(هەڵ) ناوی کرداری(گرتن)پێکهاتووە، پێکەوە جگە لە واتا بنەرەتییەکەی واتایەکی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵی کوردیدا هەیە و بە واتای کچێك بەدزییەوە و بەبێ ئاگاداری کەسوکارەکەیەوە لەگەڵ کوڕێك ڕێکبکەوێت و ببیات لەگەڵ خۆی، بە کچەکەش دەوترێت(هەڵگیراو)، کە زۆرجار وەك سوکایەتی و جنێو بۆی بەکاردەهێنرێت.

**دووەم: دارشتە سینتاکسییەکان**

توێژینەوە لە دارشتە سینتاکسییەکان پەیوەستە بە پێکهاتەکانی سینتاکسەوە، چونکە "سینتاکس لە خستنەپاڵیەکی وشەکان لە فرێز و فرێز لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوە و دروستەکانیان پەسەند دەکات. هەروەها ئەو بنەما و یاسایانەش دیاریدەکات، کە ڕێگە بەم خستنەتەکیکیانە دەدەن"(ئەحمەد، 2012: 15). دارشتەکۆمەڵایەتییە سینتاکسییەکانیش پەیوەست بە ئاوەزمەندی و کلتور و کۆمەڵ بەرهەمهێنراون، دەتوانین دوو جۆر دارشتەی سینتاکسی جیابکەینەوە، ئەوانیش:

**أ-دارشتەی فرێز**

دارشتەی فرێز دەکرێت لە تاکە وشەیەك، یان چەند وشەیەك پێکهاتبێت، کە بەپێی یاساکانی فرێزپێکهێنان دروستکراون، "فرێزەکان وەچەپێکهاتەی ڕستەکانن، کە کۆی پەیوەندییە تەکنشینی و جێنشینییەکانی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەگرێتەوە"(ئەحمەد، 2012: 4). جۆری فرێزەکان، فرێزی ئاسایین و واتای گشتی فرێزەکە لە واتای دانەدانەی وشەکانییەوە دەستدەکەوێت(حسەین، 2009: 51)، بە واتایەکی دیکە فرێزە دارشتەییەکان واتای ئاشکرا دەگەیەنن و ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ بابەتەکە دەکەن. بڕوانە(11):

(11) <سەبەتەی خێر/ خۆراك<
<بوخچەی نەکراوە<
<حەمامی ژنان<
< سوری مانگانە<

لە نمونەکانی(11) دا، دەردەکەوێت، هەریەکە لەو فرێزانە واتاکانیان ئاشکرا و ڕوونە و ئاماژەیە بۆ ئەو دیاردە و بابەتانەی لە کۆمەڵی کوردیدا بوونی هەیە. بەپێی یاسای ڕێزمانی کوردی لە /دەرخراو + م.خستنەپاڵ + دەرخەر/ پێکهاتوون.

**ب- دارشتەی ڕستە**

ئەو دارشتە کۆمەڵایەتییانەن، کە ڕستەن واتایەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت، کە کۆمەڵ لەسەر ئەو واتایە ڕێککەوتووە بەپێی کلتور و کۆمەڵ مەبەستی ڕستەکە ڕوندەبێتەوە، " بەردەوام وەك هۆکار و ئامرازی پێوەندیکردن و تێگەیشتن


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئاڵوگۆڕ دەکرێت، یا بەکاردەهێنرێت، بە واتا مرۆڤ دەربڕینەکانی ڕۆژانە و پەیوەندیکردنی بە کەسانی دیکەوە بە ڕستە ئەنجامدەدات"(حەمەئەمین، 2023: 41). بڕوانە (12)

(12)أ- >ماڵی ئەوان هەمویان دڵ مردوون. <
ب-> لە شوێنی خۆی ساردیانکردەوە. <

هەریەکە لە دارشتەکانی (12-أ،ب) لە شێوەی دروستەی ڕستەدان و یاسای ڕێزمانی زمانی کوردی بۆ ڕیزبوونی کەرستەکانی پەیڕەو کراوە و چەمکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنن.

**سێیەم: دارشتە مۆرفۆسینتاکسییەکان**

مۆرفۆسینتاکس ڕۆڵی لە دارشتەی کۆمەڵایەتیدا هەیە، (دارشتەی مۆرفۆسینتاکس نواندنی پێکهاتە سینتاکسییەکانە و لە دارشتەیەکی سینتاکسی دیکە دەکەوێتەوە و لە پێواژۆکانی پاش ڕستەوە بەرهەمدێت)(سەعید، 2019: 178)، زۆرینەی دارشتە مۆرفۆسینتاکسییەکان (بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ ئاخێوەران و ئاسانی دەربڕین، جگە لە گەیاندنی واتای ئاسایی خۆیان پەیوەست دەبن بە میتافۆڕەوە و واتایەکی دیکە بەخشکەیی دەبەخشن، کە بنەمایەکی پرۆسەی پەیوەندیکردنە) (قادر، 2013: 87)، بڕوانە (13) هەروەها سینتاکس بنەما و سەرچاوەی تەواوی زانیارییە هەڵگیراوەکانی دارشتە مۆرفۆسینتاکسییەکانن، چونکە دارشتە مۆرفۆسینتاکسییەکان سیمانتیکییانە پەیکاڵی ڕستە لێبەرهەمهێنراوەکەی دەبێت، بە پێچەوانەوە دەکرێت چەند لێکدانەوەیەك بۆ دارشتەکە لە ئارادا بێت(سەعید، 2019: 181). بڕوانە(14)

(13) >چاڵی بۆ هەڵکەند <، >ئاوڕلێدایەوە<، >دەستپیری<، >خوازبێنیکرد<، >بەشویدا<، >خۆیخواردەوە<، >پێیدارشایەوە<، >خواردمیان<.
بە سەرنجدا لەو نمونانەی خرانەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت، بەخشکەیی هەریەکەیان واتایەکی دیکەیان هەیە، کە واتایەکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەستە بە کلتور و کۆمەڵی کوردییەوە.

(14) أ- >ئاومکردەژێری. <
ب- >من ئاومکردەژێر ئەو. <
پ – >من ئاومکردەژێر ئازاد و نەوزاد. <
ت- >من ئاومکردە ژێر تۆ و نەوزاد.<

دارشتەی نمونەی(2-أ) واتایەکی لێڵی هەیە، بەهۆی دەرنەبرینی هەندێك لە کەرستە سینتاکسییەکانەوە، بۆ ڕونکردنەوەی واتاکەی پێویستی بە دووبارە دارشتنەوە هەیە، پاشان پەیوەستکردنەوە بە کلتوری کوردییەوە، ئەوکاتە پەی بە زانیارییە واتاییەکەی دەبرێت. وەك لە نمونەی(2_ ب، پ، ت) خراوەتەڕوو.

**چۆنیەتی دارشتنی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان**

بێگومان دارشتەی کۆمەڵایەتی بەپێی یاسا زمانییەکان پشتبەست بە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ دادەڕێژرێن و کۆنترۆڵی دارشتەکان دەکەن و لە بۆنە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن و ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆیان جێبەجێدەکەن.


دروستەی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان لە زماندا بە واتای چۆنیەتی ڕێکخستن و خستنەتەکیەکی وشە و فرێز و ڕستەکان بۆ گەیاندنی واتای کۆمەڵایەتی دێت، کە بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتاسازی، پراگماتیك و یاسا کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمدێن، لەلایەن بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی کۆمەڵەوە دارشتە کۆمەڵایەتییەکان لە قاڵب دەدرێن.

بە شێوەیەکی گشتی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان، چەمکی کۆمەڵایەتین، وشە و فرێزەکانن لە فۆرمی ڕستەدا خۆیان دەنوێنن، بۆیە ئێمەش زیاتر جەخت لە دارشتە ڕستەییەکان (دروستە سینتاکسییەکان)دەکەینەوە.

فۆرمدارشتنی دروستەی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی یاسا بنەڕەتییەکان و یاساکانی گواستنەوە لە زمانی کوردیدا پێکدێن. کە خاوەن دروستەی قووڵن، پاش دروستبوون و دارشتنیان دەبێت بچنە ژێر باری یاساکۆمەڵایەتییەکان بۆ دروستبوونی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

نواندنی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان دیوی دەرەوەی زانیارییەکانە، زانیارییەکانیش لەناو توخمە پێکهێنەرەکانی فەرهەنگدا هەڵگیراون، دواتر لە چێوەی نواندندا خۆیان دەبیننەوە، چونکە توخمە فەرهەنگییەکان بڕی زانیاری پێویستیان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەکە پەیوەست بە پێرەو و یاسای دیاریکراوەوە تێدا هەڵگیراوە، هەموو نواندنێکی سینتاکسی بنەماکەی لە فەرهەنگدایە(حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز، 2023: 73-74، ئەویش لە (Cook & Newson, 2007) وەریگرتووە). هەر بۆیە دروستەی دارشتە کۆمەڵایەتییەکانیش، کە بۆ واتا و مەبەستی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێن و واتاکەشیان پەیوەستە بە دەوروبەر و کۆمەڵەوە، نواندنەکەی لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، بۆ چۆنیەتی فۆرمدارشتنیان، بڕوانە هێڵکاری ( 1)




**هێڵکاری (1) فۆرمدارشتنی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان**

وەك لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێت، دارشتنی دارشتە کۆمەڵایەتییەکان بەرەچاوکردنی دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ، وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا هەڵدەبژێردرێن و بەپێی یاسا زمانییەکان دادەڕێژرێن و دەبنە فۆرمێکی دارشتەکە، پاشان ئەم فۆرمە هەڵگری واتای کۆمەڵایەتییە، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای دەوروبەری و کۆمەڵ بونیات نراوە، بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی واتای کۆمەڵایەتی دەبەخشێت، هەروەها دەتوانرێت بگوترێت یاساکانی فۆرمدارشتنی دارشتەکان نواندنی دەرەکی زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانن، دەتوانین لەسەر بناغەی واتای بەشە پێکهێنەرەکانییەوە واتای تەواوی دارشتەکە دەستبخەین. بڕوانە (15)


(15) أ-دوێنێ بارکانەم بۆ دراوسێکەمان برد.
ب- لەدەوری سەرت گەڕێم.
پ- بە میوانت بم.

دارشتەکانی(15)، هەریەکەیان لە چەند وشەیەك پێکهاتووە، کە هەر وشەیەك واتای خۆی هەیە، واتا بنەرەتییەکەی پەیوەندیی بەواتای فەرهەنگیی وشەکانییەوە هەیە، لە هەمان کاتدا دارشتەکان هەڵگری واتای کۆمەڵایەتین، لە(أ)دا، (بارکانە)هاتووە، لە کۆمەڵی کوردیدا ئەم دیاردەیە هەیە و بەو واتایەی کەسێك لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی پیرۆزبایکردن، وەك منداڵبوون و هاوسەرگیریکردن،...هتد.، دیارییەك بە کەسێکی دیکە ببەخشێت. دارشتەی(ب) بۆ گرنگی و خۆشەویستی بەرانبەر بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتیش دایك و باوك بۆ منداڵەکانیان بەکاریدەهێنن. دارشتەی(پ) بۆ ڕێز و خۆشەویستی و بەنرخی کەسەکە لە لای بەکاردەهێنرێت.

کەواتە دارشتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکخراوێکە لە پێکهاتەکانی زمان، پێرەو و یاساکان لەخۆ دەگرێت، دەتوانرێت بگوترێت، پێکهاتەکانی دارشتەی کۆمەڵایەتی خاوەنی فۆرم و واتان، وەك لە هێڵکاری(2)دا ڕونکراوەتەوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السـليمانية ص: 158-179
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




**هێڵکاری ( 2) مۆدێلی دروستەی دارِشتە کۆمەڵایەتییەکان**

(ئەم هێڵکارییە لە (حسەین، 2012: 39) بە دەسکارییەوە وەرگیراوە)


**دروستەی دارِشتە کۆمەڵایەتییەکان (چۆنیەتی نواندن و ڕۆنان)**

دارِشتەی کۆمەڵایەتی لە ڕوی دروستەوە بەگشتی لە دروستە و پێکهاتەی فرێز و ڕستە ئاساییەکانی زمان لانادەن و هەمان فۆرم و دروستەی دەربرینە ئاساییەکانیان هەیە. لەڕوی سیمانتیکیشەوە دارِشتە کۆمەڵایەتییەکان تایبەتمەندی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و کلتورییان هەیە، چونکە زادەی ئاوەزمەندی مرۆڤەکانن لە کۆمەڵدا.


دروستەی دارِشتە کۆمەڵایەتییەکان چەند هەنگاوێك دەبڕن تا دەنوێنرێن، بە واتایەکی دیکە، نواندنی دارِشتەی کۆمەڵایەتی لە ئاوەزەوە دەستپێدەکات و بە کۆمەڵێك هەنگاو دەبێتە دروستە و دەرکردە و دواتر دەبێتە کلتوری کۆمەڵ، بڕوانە هێڵکاری ژمارە(3)، لەبەرئەوەی زمانی مرۆڤ لە فەرهەنگ و ڕێزمان دروستدەبێت و ئەو دوانەش لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان، "فەرهەنگ مەعریفەی زمانییە، تایبەت بە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و واتا، هەروەها دونیابینی و دارِشتەی سایکۆلۆژی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی مرۆڤیشە"(محەمەد، 2016: 9)، پەیوەست بە فۆرم و واتاوە فەرهەنگ دارِشتنێکی ناوەکی هەیە، کە ئاماژەیە بۆ دنیابینی و ئاوەزمەندی ئاخێوەر و کۆمەڵ دەکات، هەروەها فەرهەنگ دارِشتەی فۆنۆلۆژییانە و مۆرفۆلۆژییانەی بۆ زمانی کوردی هەیە، بۆ نمونە وشەی(پور) لە زمانی کوردیدا دەربڕی زانیاریی گشتییە، جیاکردنەوەی خزمایەتی تیانییە و لێڵییەکی تێدایە(واتای خوشکی دایك، خوشکی باوك)دەگرێتەوە. بەو پێیەی فەرهەنگ نواندنێکی ناوەکی هەیە و دارِشتنێکی گشتی و کەمەکی هەیە، بۆیە جیاوازی لە نواندنی ناوەکی و نواندنی دەرەکیشی هەیە(مەعروف، 2014: 94)، نواندنی ناوەکی ئەو چالاکی و خووڕەوشتانەیە، کە مێشك دروستی دەکات، پاشان لەڕێگەی نواندنی دەرەکییەوە، کە بۆ نیشانەکردن و پرکردنەوەی کەموکوریی لایەنی گشتی فەرهەنگییە و نواندنی ناوەکی دەگەیەنێت بە گوێگر(محەمەد، 2016: 13 )، کەواتە ڕێزمان بە دیوی دەرەوە و نواندنی دەرەکی زانیاریی فەرهەنگیی زمان دادەنرێت، بڕوانە هێڵکاری (4).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




**هێڵکاری (3) هەنگاوەکانی نواندنی داڕشتەی کۆمەڵایەتی**




**هێڵکاری(4) نواندنەکانی داڕشتەی زمان**

لە هێڵکاری(4)ەوە ڕوونیدەکەینەوە، کە فەرهەنگی ئاوەزی چەند نواندنێکی وشەکانی نێو ئاوەزە، کە پێکەوە جگە لە وێنەی دەوروبەری زمانی، ڕەهەندە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی واتا دەکێشن، ژینگە و دەوروبەرە زمانییەکە ڕۆڵی لە پەیپێبردنە کەسییەکانی تاك و کۆمەڵ و کلتوردا دەبێت(حەمەئەمین، 2023: 93)، ڕێزمانیش نواندنی هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس دەگرێتەوە، کە هەریەکەیان خاوەن یاسا و ڕێسا و کەرستەی تایبەت بە خۆیانن، پشتبەست بەو ڕاستییانە، چاوەڕێدەکرێت زانیاری هەڵگیراوی نێو تۆخمەکان، لە ڕێگەی یاسا فەرهەنگی و سینتاکسییەکانەوە بنوێنرێن(سەعید، 2019: 6)، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت، داڕشتە کۆمەڵایەتییەکان گەنجکردنی وشە و داتا و زانیارییە بەپێی ئاوەزمەندی و دنیابینیی تاك لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا، دەربڕینەکان پەیوەست بە ئاخێوەری گشتی زمانەوە بەبێ جیاوازی، کە تێیدا تاك ئاوەزمەندی خۆی بۆ ژینگە و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکان جیادەکاتەوە، بەوەش لە فەرهەنگە ئاوەزییەکەیدا فەرهەنگێك بۆخۆی جیادەکاتەوە، کە نوێنەر و نواندنی کۆمەڵە لەسەر بنەمای داڕشتەی کۆمەڵایەتی، کەواتە فەرهەنگ کۆی زانیارییە پێویستەکانی زمان لەخۆ دەگرێت، کە ئاخێوەری هەر زمانێك بۆ دەربڕینە کۆمەڵایەتییەکان و دروستەکانی پێویستییەتی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

## بەشی دووەم: داڕشتەی کۆمەڵایەتی لە بۆتەی زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردیدا

### زمان و بیر پەیوەست بە داڕشتەی کۆمەڵایەتییەوە

زمان و بیر چەقی سەرجەم چالاکییەکانی مرۆڤن، لەبەرئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی مرۆڤ پێیەوە پەیوەستە، زمان ئەوەندە زاڵە بەسەر چالاکییە کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکاناندا زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین ژیان بەبێ زمان و بیر بوونی هەبێت، "زمان پێرەوێکی چڕ و ئاڵۆزە و لە مێشکدا هەڵگیراوە، بیرکردنەوە و ئاوەزمەندی هەر کۆمەڵێك بەهۆی ئەم پێرەوەوە دەزانرێت" (Ahmad, 2020, p. 1)، بیر ئەو دەفرەیە، کە وێناکردن و خەیاڵکردن و بیرگە و زیرەکی مرۆڤی تێدایە و بەهۆی زمانەوە دەردەبردرێت، ئەرکی بیر، بیرکردنەوە و درکپێکردن و وێناکردن و ئەنجامدانی پرۆسە ئاوەزییە ناوەکییەکانە، ئەرکی زمانیش بریتییە لە گۆکردن و دەربرین(حماد، 1985: 17)، لەبەرئەوەی داڕشتە کۆمەڵایەتییەکانیش پەیوەستن بە زمان و بیرەوە، دانەکانی لەناو مێشك و فەرهەنگی ئاوەزیی تاکدان و بەهۆی داڕشتەکانەوە دەردەبردرێن و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەم باسەوە هەیە.

### پەیوەندیی نێوان زمان و بیر

هەرچەندە زمان و بیر یەکەیەکی ئاڵۆز پێکدەهێنن و لەیەکدی جیانابنەوە، دوو پرۆسەی جیاوازن، بەپێویستی دەزانین بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و بیردا هەیە، بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر پەیوەندیی نێوانیان بخەینەڕوو، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### بۆچوونی یەکەم

زمان بە بناغەی بیرکردنەوە دادەنێن، زمان لای "ساپیر" تەنیا ڕەنگدانەوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتیی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەندێك تایبەتمەندیی ئاخێوەرە لە هەڵبژاردنی وشە و دەربڕین و پێکهاتەی ڕێزمانیدا بەشێوەیەکی نیمچەسەربەخۆ لە پەیام و واتای وشەکاندا(داود، 2009: 243)، لای "وۆرف" زمان پێرەوێکی هێمایی بەرفراوانە و ڕەنگدانەوەی کلتوورە جیاوازەکانە، چەمکی کلتوور و شێوازەکانی ئاخاوتن، بنەمای تیۆرییەکەیان بوو، کە ئەمڕۆ بە گریمانەی (ساپیر - وۆرف)ناسراوە، کە کاریگەرییان لەسەر ئاراستە و تێروانینی زانستی زماندا هەبووە، پێیانوایە زمان نەك هەر بیر و ئاراستە و شێوازی بیرکردنەوە دیاری دەکات، بەڵکو مرۆڤ لەزمانەکەی خۆیەوە دەڕوانێتە جیهان، واتە جیهانبینی تاك و کۆمەڵ بەزمانەکەیەوە پەیوەستە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زمان توخمی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی داڕشتنی بیرە و شێوازەکانی بیرکردنەوەش لای مرۆڤ دیاری دەکات(شەمس، 2013: 41 - 42)، زمان فۆرم بە بیرکردنەوەکانمان دەدات و کاریگەریی لەسەر ڕەفتارەکۆمەڵایەتییەکانمان دادەنێت.

بەپێی ئەم بۆچوونە زمان بڕیاردەرە نەك دونیابینی و بیرکردنەوە و بۆچوونی کەسەکان، زمان پێرەوی بیری بەرهەمدەهێنێت و کاریگەریی لەسەر ڕەفتارەکانمان دادەنێت، هەر زمانێك بەپێی تایبەتمەندیی خۆی بیرەکان ڕێکدەخات و دەریدەبڕێت، هەر زمانێشە بیرکردنەوە و کلتوری کۆمەڵ دیاریدەکات.

### بۆچوونی دووەم

پێچەوانەی بۆچوونی یەکەمە، لە لایەن(پیاجێ)وە سەریهەڵداوە، بەجۆرێکە ڕەوتی بیرکردنەوە بەکارهێنانی زمان دیاریدەکات، هەتا زانین بەتەواوەتی پێنەگات زمان دروستنابێت، وەك چۆن زمانی منداڵ بەهۆی بیرکردنەوە و کارلێکی لەگەڵ ژینگە و دەوروبەرەکەیەوە دروستدەبێت زمانی پێدەگات نەك لە ڕێگەی پێگەیشتنی زانینییەوە(یوسف، 1990: 146)، پیاجێ پێیوایە گەشەکردنی زمان دەرئەنجامێکی گەشەکردنی پەیپێبردن یان زانینە، بە واتایەکی دیکە زمان بە جۆری بیرەکانی منداڵەوە بەستراوەتەوە، بۆ بەکارهێنانی گونجاوی زمان سەرەتا پێویستە منداڵ پەرە بە بیرۆکە و واتاکانی بدات، تەنیا وشەکان دوبارەبکاتەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات بەبێ ئەوەی لە واتاکەی بگات ئەمەش تەنیا وتەی خۆکردە(Lund, 2003: 24)، واتا منداڵ زانیارییەکە ناگوازێتەوە، بەڵکو تەنیا وەك پێویستی بەکارهێنانەکە وەریگرتووە ئەمەش پێماندەڵێت بیر بەکارهێنانی زمان دیاریدەکات، زمان لەژێر ڕکێفی بیرکردنەوەکانماندایە، بەواتای" زمان و بیر لە زنجیرەیەکی بۆماوەییدا بەیەکەوە بەستراونەتەوە"(سەعید& ئەحمەد، 2017: 191)، بەپێی ئەم بۆچوونە "هەر دەربڕینێکی زمانی بەبێ هەڵگری بیرێکی دیاریکراو وەك قسەکردنێکی بەتاڵ وایە، بیرکردنەوەی تەواو لە مێشکدا گیان بە بەر دەربڕینی وشەکاندا دەکات و لە هەمان کاتیشدا یارمەتی قسەکەرەکان دەدات بە قوڵی لە هەموو شتێك بگەن و گرنگیش بە بیرکردنەوە بدەن"(احمد،2016: 863)، ئەمە پێمان دەڵێت زمان بە بێ بیرکردنەوە هیچ کاریگەریی نابێت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**بۆچوونی سێیەم**

زمان وبیر هەریەکەیان سەربەخۆن، بەڵام لە کاتی بیرکردنەوەدا پێکەوە پەیوەستن(Lund, 2003: 10). ئەمەیان بۆچوونی (ڤیگۆتسکی)یە، کە زمان و بیر بەجیا دادەنێت، بەڵام لەڕەوتی بیرکردنەوەدا پێکەوە پەیوەندن، بیرکردنەوە ڕاستەوخۆ قسە بەدوای خۆیدا ناهێنێت و قسەکردن و بیرکردنەوە لەیەکدی جیان و بیرکردنەوە بە وشە گوزارشتی لێناکرێت، بەڵکو لەڕێگەی ئەو وشانەوە بەرجەستە دەکرێت.

زمان و بیر لە بنەڕەتدا دوو پێڕەوی سەربەخۆن و لەیەکگرتنی هەردووکیان بیری زمانی دروستدەبێت، ئەمە لای منداڵی تەمەن دووساڵ دەردەکەوێت، سەرەتا قسەکردن لای منداڵ کۆمەڵایەتییە پاشان دەبێت بە ئاخاوتنی خود، دواتر ئاخاوتنی ناوەکی/بیرکردنەوەیی، هەر لەبەرئەوەیە بیرکردنەوە لەڕێگەی وشەکانەوە دەرنابڕێت، بەڵکو لەڕێگەی وشەکانەوە دێتە بوون(داود، 2009: 191). بە واتایەکی دیکە، زمان و بیر لە قۆناغی منداڵیدا بەشێوەی سەربەخۆ گەشە دەکەن، هەوڵە یەکەمەکانی منداڵ بۆ بەکارهێنانی وشە و دەربڕینەکان وەکو هەوڵی بە کۆمەڵایەتیبوون وەسف دەکات، لە دوای تەمەنی دوو ساڵی منداڵ ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر دەبینێت لە گەشەکردنی هۆشەکی و بیرکردنەوە، کە ئەویش وابەستەیە بە گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە(سەعید& ئەحمەد، 2017: 191)، بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، زمان و بیرکردنەوە لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە پێکەوە گەشە دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم سێ بۆچوونە لەسەر پەیوەندیی نێوان زمان و بیر هەیە، یەکەمیان پێیوایە: بیر، زمان دەستنیشان دەکات، بە واتای بیر پێش زمانە، ڕۆڵی سەرەکی بە بیر دەدەن، دووەمیان پێیوایە: زمان، بیر دەستنیشان دەکات و زمان پێش بیر دادەنێن، زمان دەکەن بە هۆیەك بۆگەشەکردنی بیر، "پێیانوایە ئەگەر زمان نەبوایە هەرگیز بیر پەیدا نەدەبوو و گەشەی نەدەکرد" (سەرچاوەی پێشوو، 191). لەم بۆچوونەدا زمان کۆنترۆڵی چالاکییەکانی بیر دەکات، سێیەمیان زمان و بیر بناغەی سەربەخۆیان هەیە، بە جیا گەشەدەکەن و بەهەردووکیانەوە گەشەی هۆشەکی و کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکەن، " تێکەڵبوونی هەردوو چالاکی ناوخۆیی و دەرەکی زمان لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، بەڵام دوای ماوەیەکی دیاریکراو بەیەك دەگەن تا دەگاتە ئەو ئاستەی زمان ڕۆڵی سەرەکی لەگەشەی بیریی و کۆمەڵایەتیدا دەبینێت"( هەمان سەرچاوە،192).

بەگوێرەی ئەوەی زمان و بیر وابەستەی یەکدین و وەك دوو دیوی دراوێکن، بە تەواوکەری یەکدی دادەنرێن، لەیەك جیاناکرێنەوە، هیچ کامیان بە بێ ئەوەی دیکەیان نابێت، پێشتریش لە قوتابخانەی ئەڵمانیدا باسکراوە، (هامبۆڵت) "جەخت لەوە دەکاتەوە، کە زمان و بیرکردنەوە هاوتان و توانای لێکجیابوونەوەیان نییە"(احمد، 2016: 862)، ئەم توێژینەوەیە بۆچوونی سێیەم بە پەسەندتر دەزانێت، مرۆڤ ناتوانێت بەبێ زمان بیربکاتەوە، بیریش کار لە سروشتی زمان دەکات، وەك چۆن زمانیش کار لە بیرکردنەوە دەکات و هیچ بیرکردنەوەیەك لە دەرەوەی زمان بوونی نییە و قاڵبە زمانییەکە گوزارشت لە بیر دەکات.

**کاریگەریی زمان و بیر بەسەر یەکدییەوە**

**یەکەم: کاریگەریی بیر بەسەر زمانەوە**

بیر و بیرکردنەوە لە زۆر ڕووەوە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر زمان هەبێت[1]، مرۆڤ لەگەڵ بیرکردنەوە و ئەزموونکردنی چەمکی نوێ، دارشتەی نوێ بەرهەمدەهێنێت بۆ دەربڕینی ئەو بیرانە، (برۆنۆ) پێیوایە، کە "بیرکردنەوە لە پێش زمانەوەیە، ڕۆڵی زمان سنورداره و تەنیا لە دەربڕیندایە، چونکە پێش دەربڕین و قسەکردن بیردەکرێتەوە دواتر دەردەبڕێت"(یوسف، 1990: 150)، بەڵگەش بۆ ئەمە منداڵ کاتێك بیردەکاتەوە و هەست بە شتەکان دەکات، بە گریان و جوڵەی ئەندامانی جەستە بیرەکەی دەردەبڕێت، بەڵام ناتوانێت لە چوارچێوەی فۆرمی زمانیدا دەریببڕێت.

بیرکردنەوەی کۆمەڵ کاریگەریی بەهێزی لەسەر زمان و دارشتەکان هەیە، دارشتە و دەربڕینەکۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵن، گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەکانی کۆمەڵدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە زماندا، دارشتنی چەندین وشە و دەربڕینی دیکە، هەندێك وشە و دارشتەی کۆن، دارشتەی تر جێگەی گرتونەتەوە، بڕوانە (16):

(16) أ-<ژنی هێنا/شویکرد>
<ژندارە/ مێرددارە>
ب-<هاوسەرگیریکرد/ ژیانی هەوسەری پێکهێنا. >

[1]بۆچوونە مەعریفییەکان زیاتر نیشاندەدەن، کە بیرکردنەوە کاریگەریی زۆری لەسەر زمان هەیە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

>خێزاندارە<

لە(أ) دەردەکەوێت، کە دەربڕنێکی کۆنترە، بەهۆی گۆڕانی بیرکردنەوە و دونیابینی ئێستا زیاتر داڕشتەکانی(ب) بەکاردەهێنرێت، کە جۆرە یەکسانیەکی نێوان نێر و مێی تێدا دەبینرێت.

هەروەها کاریگەریی پێشکەوتنەکان و تەکنەلۆژیا دیسان بیرکردنەوەی مرۆڤی پێشخستووە و داڕشتەی نوێی دروستکردوە، بڕوانە (17)

(17) أ- >زیرەکی دەستکرد/ ژیری دەسکرد<
ب- >دراوی ئەلیکترۆنی<
پ->کارکردنی ئۆنلاین<

(دۆنلاب)، پێیوایە "کاتێك بونیاتی زمانی نەتەوەیەك دەخوێنینەوە دەتوانین شێوە و جۆری بیرکردنەوەشیان بزانین، کاتێکیش چەمکەکان دەخوێنینەوە دەتوانین ئەو شتانە دیاریبکەین، کە پێی جیادەکرێتەوە، چونکە زمان لە بیرکردنەوەی کۆمەڵەوە هەڵدەقوڵێت و جیاوازی نێوان وشەو زاراوەکانی زمانە جیاوازەکان نیشانەی جیاوازی کلتوورەکانە"(محمد، 2009: 20)، بێگومان لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵە جیاوازەکان، ژینگە و جوگرافیا و کلتوری جیاواز بیروڕای جیاواز و دەربڕینی جیاواز بەرهەمدەهێنێت، کاتێك کوردێك و عەرەبێك و ئینگلیزێك جیاواز بیردەکەنەوە دەربڕینەکانیشیان جیاوازە، بە نمونە لە زمانی عەرەبیدا بۆ ناوی حوشتر زیاتر لە بیست ناو هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا یەك ناوی بۆ دانراوە، لەبەرئەوەی لە ژینگەی کوردا حوشتر نییە، یاخود لەو کۆمەڵەی لە ناوچەیەکی ساردا دەژین و وشە و دەربڕینی زۆریان بۆ بەفر و سەهۆڵ هەیە، بەڵام لە کۆمەڵە گەرمەکاندا ئەم وشانە بوونیان نییە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە بیر بە ژینگە و سروشتی کۆمەڵەوە بەستراوەتەوە. بە نمونە، عەرەب دەربڕینێکی وەك (أ)، ئینگلیز دەربڕینێکی وەك (ب)ی هەیە، بەڵام کورد دەربڕینێکی دیکەی وەك(پ) بەکاردەهێنێت، بڕوانە(18).

(18) أ- >اللي فات مات.<
ب- > forgive and forget. <
پ- >ئەوەی دەرزییەکی پێداکردیت، تۆ سوژنێکی پێدابکە.<

لە نمونەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕوداو و زیانەکانی ڕابردوو، جیاوازە و شێوازی بیرکردنەوەکانیان لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە دەگۆڕێت، ئاوەزمەندیی عەرەب حەزیان بە وەلانانی ڕابردوو و کێشەکانە، لای ئینگلیزیش لێبوردەیی و لەبیرکردن لە دەربڕینەکەدا دەبینرێت، بەڵام لە ئاوەزمەندیی کورددا پێچەوانەیە، زیاتر حەزی بە تۆڵەکردنەوەیە، وەك لە لێخۆشبون و لەبیرکردن، بۆیە ئەو دەربڕینە بەکاردەهێنێت.

زمان بەشێکی لە لایەن بیرکردنەوەکانەوە لە قاڵب دەدرێت، بەوپێیەی مرۆڤ پێویستی بە ئاماژەدان بۆشتەکانی دەوروبەری هەیە و هەموو زمانەکان کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەرە بەهۆی تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوە و کلتوور و تەکنەلۆژیا لەو کۆمەڵەیەدا، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت، بیر پێش زمانە و کاریگەریی بەسەر زمانەوە هەیە، لەبەرئەوەی مرۆڤ سەرەتا بیردەکاتەوە و لەشتەکان تێدەگات پاشان بەپێی یاسای زمانەکە ڕێکیدەخات و دەریدەبڕێت، کاریگەریی بیر لەسەر زمان لە تێگەیشتنی زمان و بیرکردنەوە لەو شتانەی دەیەوێت دەریببڕێت لەڕێگەی زمانەوە دەردەکەوێت.

زمان دەربڕی بیرکردنەوە و دابونەریت و کلتووری کۆمەڵە و بەشێکە لە ڕۆشنبیری و کلتووری کۆمەڵ، کەواتە بیر کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر زمان هەیە، بۆنمونە بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر دیاردە و شتەکان لە کۆمەڵێکی دیکە جیاوازە، چونکە تێڕوانینیان بۆ ژیان جیاوازە، نەك لەبەرئەوەی جیاواز قسەدەکەن و زمانیان جیاوازبێت، ئەمەش بیری جیاواز بەرهەمدەهێنێت. بۆ نمونە تێڕوانینی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر بە خزمایەتی جیاوازە وەك لە کۆمەڵی ئینگلیزی، لە زمانی کوردیدا لە بواری خزمایەتیدا وشەکانی( /ئامۆژن/،/ مامۆژن/، /خاڵۆژن/، / پور/) داڕێژراون، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بەهەموویان هەر دەگوترێت (aunt)، ئەمە دەریدەخات کۆمەڵی کوردی پەیوەندیی خزمایەتی زیاتر لا گرنگە.

ئەگەر بمانەوێت بیرکردنەوەی کۆمەڵێك بزانین، دەبێت لە ڕێگەی زمانەوە شیکردنەوە بۆ دەربڕاوەکان و داڕشتە کۆمەڵایەتییەکانیان بکەین، بەتایبەتی ئەوانەی بەرهەمی کۆمەڵن نەك تاکەکەس، چونکە گوزارشت لەکۆمەڵ دەکەن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**دووەم: کاریگەریی زمان بەسەر بیرەوە**

زمان کاریگەریی زۆری بەسەر بیرەوە هەیە، بەجۆرێك کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی تاك لەناو کۆمەڵدا هەیە، ئەو تاکانەی بەجۆرێکی دیکە قسەدەکەن جۆری بیرکردنەوەکەیان دەگۆڕێت(دزەیی، 2014: 132)، زمانی هەر کۆمەڵێك یارمەتی تاکەکانی ئەو کۆمەڵە دەدات، کە بیرکردنەوە و جیهانبینیان بۆ بابەتەکان هەبێت.

کاتێك سەرنج لە کلتوورە جیاوازەکان دەدەین، دەشێت وابیربکەینەوە، کە زمان کاردەکاتە سەر بیرکردنەوە(احمد،2016: 863)، (وۆرفWhorf)، کە خوێندکاری ساپیر بوو، پێیوایە، زمان ڕێگەی بیرکردنەوەیە و ئەوەشمان بۆ دیاریدەکات، کە بیری لێدەکەینەوە(داود، 2009، 239)، وۆرف، یەکێکبوو لەو کەسانەی لە بواری بیرکردنەوە و کلتووردا کاریاندەکرد، زانیارییەکی زۆری لەسەر زمانی هیندییەکانی ئەمریکا هەبوو، لە پەیوەندیی نێوان زمان و بیر و کلتوور قوڵبووبوویەوە، ئەو بەڵگانەشی پشتی پێدەبەستن بۆ جەختکردنەوە بوو لەسەر تیۆرییەکەی، بە نمونە دەیگوت لە زمانە جیاجیاکاندا ناوی جیاواز لە ڕەنگ دەنرێت، ئەوەی لە کلتووری عەرەبیدا بژی، پێیبگوترێت ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە چەندن، دەڵێت شەش ڕەنگن(سور-پرتەقاڵی-زەرد-سەوز-شین-ئەرخەوانی)، بەڵام لای ڕوسی شینیش دابەشی دوو ڕەنگی دیکە دەکات، کاڵ و تۆخ، هەروەها کاتەکانیش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازن، ئەمەش بۆ جیاوازی زمانی کۆمەڵ و نەتەوە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە(بڕوانە: یوسف، 1990: 151-153، محمد، 2009: 19-20)، زمانی هەر نەتەوەیەك بەهۆی پێکهاتە و داڕشتەکانی زمانەکەیەوە بەکارهێنەرانی ناچار دەکات، لە بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیاندا پەیڕەوی تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانە لە چوارچێوەی کۆمەڵدا بکەن، ئەو زمانانەی وشە و دەربڕینیان بۆ نێر و مێ هەیە، منداڵەکانیان هەر زوو هەست بە جیاوازییەکان دەکەن، دەزانن نێرن، یان مێ، چ وشە و دەربڕینێك دەبێت بەکاربهێنن و چۆن ڕەفتاربکەن لە کۆمەڵدا، بە واتایەکی دیکە لە ڕێگەی زمانەوە بیرکردنەوە دادەڕێژن، دونیابینی و بیرکردنەوەکان وێنا دەکەن و بەهای جیاواز بۆ شتەکان دادەنێت، بڕوانە (19، 20).

(19) أ-<مریشکەکە/مانگاکە مردار بوەوە.<
ب -<سەگەکە/ بەرازەکە/پشیلەکە تۆپی. <
پ -<پیاوەکە لە دونیا دەرچوو/ئەمری خوایکرد.<

لە (19) دەردەکەوێت، کە کۆمەڵ بەهاکانی جیاکردوەتەوە، کە دەبنە بەربەستی بەکارهێنان لەبری یەکدی، دەربڕینەکانی (أ) بۆ ئەو ئاژەڵ و باڵندانە بەکاردەهێنرێت، کە گۆشتەکەیان دەخورێت، بەڵام لە (ب)دا داڕشتەکە پەیوەستە بەو ئاژەڵانەوە، کە گۆشتیان ناخورێت، لە(پ)دا لەبەرئەوەی (پیاو)مرۆڤە ڕێزی لێگیراوە و ئەو داڕشتەیەی بۆ بەکاردەهێنرێت، ئەمانە هەموو بیرکردنەوەی کۆمەڵن پەیوەست بە ئاین و کلتور و دابونەریتەوە لە ڕێگەی زمانەوە دروستیکردوون، لە ڕێگەی ئەم فۆرم و داڕشتانەوە تاکەکان دەزانن، کە خواردنی (/مریشك/، / مانگا/)حەڵاڵە، بەڵام( /بەراز/، /سەگ/، / پشیلە/) حەرامە.

(20) أ-<مارەکرا<
ب -<مارەیکرد<

داڕشتەی (أ) بیری مێینەمان لا دروستدەکات، کە ئەم داڕشتەیە بۆ کچ بەکاردەهێنرێت، لە کاتێکدا داڕشتەی (ب) بیری نێرینەمان لا دروستدەکات و بۆ کوڕ بەکاردەهێنرێت.

کەواتە زمان توانای ئاخاوتن و بیرکردنەوەی مرۆڤ دیاریدەکات، تایبەتییەکانی بیری کۆمەڵ بە تایبەتییەکانی زمانەوە پەیوەستن، چونکە بیرکردنەوەی کۆمەڵ و زمانەکەی هاوشێوەن، مرۆڤ چۆن قسەبکات واش بیردەکاتەوە، لەبەرئەوەی زمان دەربڕی بیرە، زمان پەیوەستە بە سروشتی بیرکردنەوەی بێئاگا/ نەست و دەبێتە کۆگای ئەزمونەکانی کۆمەڵ و کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە هەیە(شەمس، 2013: 42-43)، بۆیە دەکرێت بگوترێت، زمان بیرکردنەوە لە قاڵب دەدات، بەڵگەی ئەمەش کاتێك مرۆڤ فێری زمانی دایك، یاخود ئەو کۆمەڵەیەی تێیدا دەژی دەبێت، فێری ڕەفتار و شێوازی بیرکردنەوەی ئەو خێزان/ کۆمەڵە دەبێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بیر و بیرکردنەوەو جیهانبینی ئەو تاکە دەبێت، دواجار کاردەکاتە سەر ئەزموون و ئەو دەوروبەرەی تیایدا دەژی، هەربۆیە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی زمان لەسەر بیر، بڕوانە(21).

(21) /چاوپیس/، /دەمپیس/، /داوێنپیس/، /دەستپیس/

لە داڕشتەکانی(21)دا دەردەکەوێت، وشەی (پیس) لە کۆمەڵی کوردیدا وشەیەکی نێگەتیڤە، ئەمانە لەناو کۆمەڵەوە بوون بە لێکسیم و چوونەتە فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، بە هۆی ئەم دەربڕینانەوە، کوردزمان دەزانێت( /جنێودان/، /دزیکردن/،


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

/بەدڕەوشتی/، /بەخیلی و حەسودی/،...هتد.)، کارێکی نادروست و نێگەتیڤن، ئەمانەش هەموو کاریگەریی زمان لەسەر بیر دەردەخەن.

لێرەدا بە گشتی گرنگی بە کاریگەریی زمان لەسەر بیر دەدرێت، هیچ بیرێك بەبێ زمان بوونی نییە. زمان هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی کۆمەڵەکەی دەردەخات و لەڕێگەی زمانەوە بیرکردنەوەی کۆمەڵ بە جیهان دەناسێنرێت، زمان یارمەتیدەری بیرکردنەوەو گەشەی کۆمەڵە(یوسف، 1990: 152)، زمان وا لە ئەندامانی کۆمەڵ دەکات چۆن بیربکەنەوە و چۆن هەڵسوکەوت بکەن، ئەمەش وادەکات زمان لە دوو لایەنەوە یارمەتیدەری بیر بێت:

1- **ڕێژەیی زمان:** قسەکەری زمانە جیاوازەکان بیرکردنەوەیان جیاوازە و جیاوازیی جیهانبینییان بەپێی سروشتی زمانەکەیانە.
2- **ڕەهایی زمان:** زمان کۆت و مەرج و یاسا لەسەر بیرکردنەوە دادەنێت و زمان بیر بەڕێوە دەبات و چۆنیەتی بیرکردنەوەی بەسەردا دەسەپێنێت، بە واتایەکی دیکە زمان دەسەڵاتی بەسەر بیردا هەیە، ئاخێوەری هەر زمانێك دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانەکەیەوە، کەواتە زمان بیرکردنەوە دیاریدەکات، بڕوانە(Lund, 2003: 28-40)، یوسف، 1990: 152، داود، 2009: 240-245، شەمس، 2013: 43-44).

دوای خستنەڕووی کاریگەریی بیر و زمان لەسەر یەکدی، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زمان و بیر هەردووکیان کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە زمان و بیر هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز کاریگەرییان بەسەریەکدیەوە هەیە، زمان و بیر وەك زمان و کۆمەڵ بەتەواوکەری یەکدی دادەنرێن و هیچکامیان بەبێ ئەویدیکەیان بوونیان نابێت، لەبەرئەوەی کاتێك مرۆڤ لە کۆمەڵدا دەژی و لەو ژینگەیەی تیایدایە بۆ بەردەوامبوون و پەیوەندییکردن بەوانیدیکەوە هەوڵی فێربوون دەدات و بیردەکاتەوە و پێویستی بە زمان هەیە، بۆئەوەی ئەو بیرانەی دەربڕێت و کاروبارەکانی پێ جێبەجێبکات. لەڕێگەی زمان و بیرەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێدەکرێت، کەواتە کارکردنی زمان و بیر پەیوەندییەکی دوولایەنەیە و هەردوکییان کاریگەریی لەسەر یەکدی دەکەن، ئەم ڕاستییەش لە داڕشتە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە.

**بیرکردنەوەی کۆمەڵ**

بیرکردنەوەی کۆمەڵ لە چوارچێوەی کلتور و دابونەریت و ئاین و مێژوو، دەسەڵات،...هتد. دروستدەبێت و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵ ئاراستە دەکات، "تاکەکان لە کۆمەڵدا پەیوەندییان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵەکەیاندا هەیە، کە بەهۆی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیی نێوانیان ڕێکدەخرێت، بیرکردنەوەش پەیوەندیی و کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری و ڕەوشتی مرۆڤ دەبێت(عبدالجبار، 2009: 7)، کەواتە بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ لەو کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تیایدا دەژین، بەگشتی ئەوبیرکردنەوانە دەگرێتەوە، کە کۆمەڵ باوەڕی پێی هەیە. "مرۆڤ بونەوەرێکی خاوەن زمان و بیرە و بیردەکاتەوە و لەکۆمەڵێکی دیاریکراویشدا دەژی و بیر لە شتەکان و دەوروبەری خۆی دەکاتەوە، کە ئەمەش بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە"(محمد، 2009: 22)، بۆیە ئەزموونی تاك لە دەستی خۆیدا نییە، بەڵکو لە لایەن زمانەکەمانەوە دیاریکراوە، بە واتایەکی دیکە خوەکانی ئەو کۆمەڵەی ئێمەی تیدا دەژین، ڕێنیشاندەری زمانەکەمانن .(Qadir, 2023, pp. 51-52)

لەبەر پێویستی مانەوە و بەردەوامبوونی مرۆڤ لەو ژینگەی تیایدا دەژی وایکرد بیربکاتەوەو بیرکردنەوەکەشی کۆمەڵایەتییانە بێت، مەبەست لە بیری کۆمەڵایەتی ئەو کاروچالاکیە پراکتیکییانەیە، کە بە شێوەیەکی سەرەتایی لە لەسەرەتای کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا سەریهەڵداوە و بەپێی قۆناغە مێژووییەکان گەشەیکردووە(عبدالجبار، 2009: 6).

بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە چالاکییە سادەکانی بیری مرۆڤ، کە کۆمەڵ لەسەرەتای دەستپێکردنییەوە و هەر لە کۆمەڵە سەرەتاییەکانەوە بوونی هەبووە(الشواني، 2019: 378)، سەرەتاکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ بیرکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بووە و یەکەم چالاکیشی کۆمەڵایەتی بووە، هەروەها یەکەم گوزارشتکردنی گەیاندنیشی هەرکۆمەڵایەتیی بووە، بێگومان بیرکردنەوە بزوێنەری هێزە داهێنەرەکانە لە هەموو کۆمەڵە مرۆییەکاندا و ئامێری کۆنترۆڵکردنی هەموو لایەنە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانە(محمد، 2009: 23).

بیرکردنەوە بەپێی کۆمەڵە جیاوازەکان دەگۆڕێت، چونکە ژینگە و جوگرافیا و کلتووری جیاواز مرۆڤی جیاواز بە بیروڕاو و بیرکردنەوەی جیاوازەوە بەرهەمدەهێنێت، بیرکردنەوەی کوردێك و ئەمریکیەك و فەرەنسییەك جیاوازە، لەبەرئەوە دەربڕینەکانیشیان جیاوازن، چونکە دەربڕین زادەی ئاوەزمەندی و بیرکردنەوەی کۆمەڵە جیاوازەکانە، هەروەها جیهانبینینیان بۆ شەڕو ئاشتی و کوشتن و ژیاندۆستی و تۆڵەسەندنەوە و لێبوردن و دزی و تاڵانی و وەفا و درۆ و ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

و...هتد. جیاوازە(ئەحمەد، 2018: 141)، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت، بیری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو بیرکردنەوانە لەخۆدەگرێت، کە مرۆڤەکانی سەربەکۆمەڵێکی دیاریکراو هەیانە، بیری کۆمەڵایەتی ئەنجامی بیرکردنەوەی هاوبەشی ئەندامانی کۆمەڵە، ڕێگەیەکە بۆ شیکردنەوە و زاڵبوون بەسەر کێشەکانی کۆمەڵدا، بەواتایەکی دیکە بیرکردنەوەی کۆمەڵ بەرهەمی ئاوەزی مرۆڤە و کاریگەرییەکانی پەیوەستن بە تێگەیشتن و ئاوەزەوە و لە ڕابردووی خۆی دادابڕێت، بۆیە دەبینین بیرمەندانی هاوچەرخ بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی بە خاڵێکی هاوبەش لە کۆمەڵە کۆنەکان/نەریتییەکان و کۆمەڵە هاوچەرخ و مۆدێرنەکان دادەنێن[5]. کۆمەڵ کاریگەریی لەسەر تاک هەیە، کۆمەڵی پێشکەوتوو تاکی پێشکەوتوو بەرهەمدەهێنێت و بە پێچەوانەشەوە.

بێگومان زمانیش ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەو کلتووری کۆمەڵە، کەواتە بیرکردنەوە لە کۆمەڵەوە وەردەگیرێت، ئەو پرسانەشی بیری کۆمەڵایەتی گرنگی پێدەدات خۆی لە (کۆمەڵی نمونەیی، سەرهەڵدانی کۆمەڵ، کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر مرۆڤ)دا دەبینێتەوە.

**بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی**

کۆمەڵی کوردی، بەشێکە لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی، لەبەرئەوە کلتوری کوردی لە ئایدیای ئیسلامی دابڕاو نییە. گەلی کورد وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە لەڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆ شارەزابوون دەربارەی بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر ئافرەت، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کلتوور و دابونەریت و ئەو داڕشتە و دەربڕینانەی کۆمەڵ، کە هەڵگری ئاوەزمەندیی کوردن بەرانبەر ئافرەت، بەتایبەتیش لە دەربڕینە چەسپاوەکانی کۆمەڵ، لەبەرئەوەی "قسەو دەربڕاوەکان ئاوێنەی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانن، بەتایبەتی ئەو دەربڕینانەی، کە لە موڵکی تاکەکەس دەرچوون و میللەت خاوەنیانە، وەك ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر(پەند، نوکتە، گۆرانی فۆلکلۆری، داستان، قسەی نەستەق...هتد.)"(ئەحمەد، 2018: 129)، هەموو ئەو دەربڕینە چەسپاوانە بەتایبەتیش پەند و ئیدیۆم و میتافۆرەکان بەرهەمی ئەزموون و بیر و بۆچوون و جیهانبینیی کوردن، کلتوور و پەندەکان بەگشتی داهێنراوی کوردن و بەرهەمی بیری کوردن و هەریەکێك لەو پەند و دەربڕینانە لەسەردەمی خۆیاندا ئەزموون و هۆکاری تایبەتیی لەپشتەوە بووە و لە خۆڕا نەوتراون و دووبارە لەسەردەمە جیاوازەکاندا کاراکراونەتەوە(شەمس، 2013: 76)، کە بەتەواوەتی وێنەی کۆمەڵە و ئاوێنەی ئاکاری خەڵکە، هەروەها ڕەنگدانەوەی دابونەریت و ئەزموونەکانیانە، ئەمەش دەرئەنجامی بیرکردنەوە و وێناکردنیانە بۆ ڕاستییەتی ژیانی کۆمەڵایەتییان و ڕۆڵێکی بەرچاویشی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژانەیاندا هەیە(الشواني، 2019: 380)، لەڕێگەی ئەو دەربڕینانەوە دەتوانین بیرکردنەوە و ئاوەزمەندیی کۆمەڵی کوردی بۆ ئافرەت دەستنیشان بکەین، کە زۆرینەی لایەنەکانی ژیانی ئافرەتی کورد و تێڕوانین بەرانبەریان دیاریکردوون.

ئاوەزمەندیی کورد و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر ئافرەت(مێینە)، لە کلتوری کۆمەڵایەتی، کلتوری ئیسلام، هاتوون و بوونەتە مۆدێل، بۆیە هەوڵدەدەین بیرکردنەوە و جیهانبینی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر مێینە نیشانبدەین و نمونەشیان بۆ بخەینەڕوو:

**بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر بە ئافرەت(مێینە).**

ئافرەت کایەیەکی گرنگی کۆمەڵە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ئەو کۆمەڵەیە، شێوەی ژیان و بیرکردنەوە و ئاستی بیرکردنەوەی کۆمەڵی تێدا ڕەنگدەداتەوە، بەهۆی ئەو ڕۆڵ و گرنگییەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردیدا هەیبووە، "ئافرەت ڕێگەخۆشکەربووە بۆ بیرکردنەوە و تێڕوانینی کورد و دەربڕینی بیرکردنەوەی کۆمەڵ بەرانبەر بە ئافرەت، کە بەهۆی دەربراوە زمانییەکانەوە دەربڕاون، ژمارەیەکی زۆر پەند لەسەر ئافرەت وتراون، کە ڕێژەیەکی زۆریان دەربڕینی هەست و جیهانبینی و بیرکردنەوەی پیاون سەبارەت بە ئافرەت"(شەمس، 2013: 86)، هەرچەندە پەندە کوردییەکان دەربارەی ئافرەت دوو لایەنەن، لایەنی باش و لایەنی خراپ دەگرێتەوە، بەڵام زۆرینەیان هەڵگری پیاوسالاری و سەپاندنن بەرانبەر بە ژن و کچ، وەکو بونەوەرێکی نامۆ و پەراوێزخراو و سەرچاوەیەك بۆ خۆشی و ڕابواردنی پیاوان، نەهامەتییەکانی ژیان و کەسایەتییەکی لاواز و لاوەکییان داوەتە پاڵ ئافرەت.

بەگشتی کۆمەڵی کوردی ئاوەزمەندیی خێڵ تێیدا زاڵە و وەك کۆمەڵێکی خێڵەکی لە ئافرەت دەڕوانن، هیچ کات ئافرەتیان بە پشت و پەنا دانەناوە، چونکە (نەوەکان نادرێنە پاڵ ژن، بەڵکو دەدرێنە پاڵ پیاو، منداڵ ناوی باوك هەڵدەگرێت نەك دایکی، ئەگەر سەرنجی درەختی خێزانی هەر بنەماڵەیەکی خێڵەکی بدرێت، دەبینین لە سەری سەرەوە، ناوی باپیرە گەورە نوسراوە، بێ ئەوەی کەس بپرسێت ئەی داپیرە گەورەیان ناوی چیبووە؟ لەژێر ئەوانیشدا ناوی منداڵە نێرینەکان تۆمارکراوە، هەتا کۆتایی هەربەوجۆرەیە)(حەسەن، 2008: 195)، ئەگەر هاتوو لەژێر هەر لقێکی نێرینەیکدا لە درەختی خێزانیدا لقی نوێی لێنەبووبێتەوە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10



Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 158-179

واتە ئەو خێزانە کوڕیان نەبووە، یان پێش هاوسەرگیری و وەچەخستنەوە مردووە، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە کوڕ هەڵگری نازناوی باوانەوە و وەچە دەگوازێتەوە. ئەم بیرکردنەوەیە نەوە بۆ نەوە گوازراوەتەوە و تەنانەت لە دەربڕینە چەسپاوەکان و دەربڕینەکانی ڕۆژانەشدا ڕەنگیداوەتەوە، بڕوانە(22).

(22) أ- <وەجاخ کوێر> (کەسێك کوری نەبێت)
ب - <کوڕ پشتە.>

لە کۆمەڵی کوردیدا هەر لە لەدایکبوونی منداڵەکەوە جیاوازی کچ و کوڕ دەکرێت، ئەگەر منداڵەکە کچ بێت، کەس دیاری و پیرۆزبایی بۆ نەهێناوە و تەنانەت دایك و باوکەکەش پێیان خۆشنەبووە و خەمبار بوون، لەبەرئەوەی دەوروبەرەکەیان بە جۆرێکی جیاواز لێی ڕوانیون و زانیویانە ڕوبەڕووی ڕەخنەی کۆمەڵ دەبنەوە، زۆرجار لە بری پیرۆزبایی بە دەربڕینێکی جیاواز بۆچوونیان دەربڕیوە، بڕوانە (23)، بەڵام کاتێك کوڕێك لەدایکبووە ئاهەنگیان بۆ گێڕاوە و ئاژەڵیان بۆ کردوون بەخێر و خواردن لێنراوە و هەمووان پیرۆزبایی و دیاریان بۆ هێناون.

(23) أ- <خوا کورێکتان پێبدات.>
ب- < یاخوا قەد کچت پیا نەیەت.>

دایك و باوك، کوڕیان بە جێگەی شانازی داناوە و لەگەڵ خۆیاندا گەڕاندویانە، بڕوانە(24)

(24) <لەگەڵ کچم بۆ کوێ بچم، لەگەڵ کوڕم کێو دەبڕم>.

کچی خاوەن برا، کەس نەیوێراوە نزیکی بێتەوە، بەڵام کە برای نەبوبێت سوکایەتییان پێکردووە و بەجۆرێکی دیکە سەیرکراوە، بڕوانە(25).

(25) <داری بێبەر سوودی نییە، خوشکی بێ برا قیمەتی نییە.>

لە ئاوەزمەندیی کوردیدا، کچ وەك شوشە، بەرمیلە باروت، سەیرکراوە، کچ دەبێت شەرمن بێت، نابێت لە ئاستی پیاو و گەورەکاندا دەنگ بەرزبکاتەوە، شەرەفی کچیان لە جەستەیدا بینیوەتەوە و بەمەرجی پاکیزەیی کچیان داناوە چڕیانکردوەتەوە لە دەربڕاوێکدا، بڕوانە(26)، بەلای کۆمەڵی کوردیەوە پاراستنی شەرەفە، ئەگەربێت و لەدەست بدرێت پێش هاوسەرگیری ئەوا هەرگیز لێخۆشبوونی نییە و شایستەی کوشتنە.

(26) <پەردەی شەرەف>

هەروەها ئاوەزیی ئافرەتیان بە کامڵ دانەناوە و بڕوایان وابووە، کە عەقڵی ژن دانەمەزراوە و چەسپاونییە، بڕوانە(27).

(27) <پرس بە ژنان بکەن، بەڵام بە قسەیان مەکەن.>

لەبەرئەوەی کۆمەڵی کوردی ئاوەزمەندیی خێڵەکی تێدا زاڵە، ئافرەت لەلایان کەسیی دووەمە و لەدوای پیاوەوە دێت، مافی بڕیاردان و هەڵبژاردنی هاوسەری نییە، زۆرینەی جار لە لایەن باوك و برا و مام و ئامۆزاوە بڕیاری بۆ دەدرێت، هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێك بکات، بەبێ ڕەزامەندی خۆی، هەتا خزم و کەسی خۆی هەبێت بۆی نییە هاوسەرگیری لەگەڵ بێگانەیەکدا بکات، بڕوانە(28)، ژن تەنیا بۆ خزمەتکردنی مێرد و منداڵ و ئیشوکاری ناوماڵە.

(28) <خزم گۆشتت بخوات ئێسقانت ناشکێنێت.>

بە شێوەیەکی گشتی ئاوەزمەندی و تێڕوانینی کۆمەڵی کوردی بۆ کچ و ژن، تێڕوانینێکی باش نییە، ژن وەك دەزگایەکی وەچەخستنەوە و خزمەتکردنی پیاو و ماڵ و منداڵ دادەنێن. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حەسەن2008: 191- 275، ئەحمەد، 2018، 148- 156).

هەرچەندە بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی بەرانبەر بە ئافرەت و پیاو جیاوازبووە، بەشێك لە تاوان و خراپەکاریی بۆ پیاوان ڕەوایی پێدراوە، بەڵام بۆ ئافرەت جێگەی قبوڵکردن نەبووە، بەهۆی ئەوەی ئەم بیرکردنەوانەی کۆمەڵی کورد لە دەربڕینە چەسپاوەکاندا ماونەتەوە ئەم بیرانە گشتێنراون، ئەگەرنا خۆیان لە بنەڕەتدا ڕێژەیین و مەرج نییە تەواوی ئافرەتی کورد بەجۆرەبن و بەپێی سەردەم و گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییەکان و جیهانبینییەکان بیرکردنەوەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت، ڕێژەی جیاوازییەکە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لە سەردەمی ئێستادا کەمتر بووەتەوە، چونکە لە خوێندن و ئیش و کار و دارایی و کایەی سیاسی و ڕۆشنبیری و زۆر بواری دیکەدا ئافرەت هاتوەتە مەیدانەوە و شانبەشانی پیاوانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە ئاوەزمەندیی کوردیدا ئەو بیرانەی کۆمەڵی کوردی هەرماون، بەڵام ڕێژەکەی کەمتر بووەتەوە.

**ئەنجامەکان**

گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لەم چەند خاڵەدا بەرجەستە دەبێت:

1. چەمکی دارشتەی کۆمەڵایەتی، بەرهەمی تێکچرژانی زمان و ئاوەزمەندیی کۆمەڵە، واتە بە کاریگەریی زمان و کۆمەڵ لەسەر یەکدی دێنە ئاراوە، لەگەڵ بەها و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ یەکدەگرنەوە.
2. پەیوەست بە شیکردنەوە جێبەجێکارەکانی توێژینەوەکەوە، زمان وەك ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی، لەلایەکی دیکەشەوە وەك ڕاستییەکی دەرونی مامەڵەدەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی واتا و مەبەست لە مێشکی قسەکەرەکاندایە و هەریەکەیان وێنەیەکی گیانی بە گیانی و دەرونی دەربارەی "شتەکان" لە مێشکدا پاراستووە.
3. بیرکردنەوە لە نێوەندی گواستنەوەی زانیاریدا وێنەی فۆرم دەکات، ئەمەش بە هۆی کارلێککردنێکی ئاڵۆزی مێشکی لەسەر بڕیاردان، پۆختەکردن، لێکدانەوە، وێناکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان، بۆیە ئەمە وا دەکات، کە بیرکردنەوە سەنتەری هەموو چالاکییە کەسییەکان بێت.
4. لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، دەربڕینەکان پەیوەست بە ئاخێوەری گشتی زمانەوە بەبێ جیاوازی، تاك ئاوەزمەندی خۆی بۆ ژینگە و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکان جیادەکاتەوە، کە نوێنەر و نواندنی کۆمەڵە لەسەر بنەمای دارشتەی کۆمەڵایەتی، واتە سەرلەبەری ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە دارشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە فەرهەنگی ئاوەزیی تاکی کورددا هەن.
5. بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی دەربارەی ئافرەت دوو لایەنەیە، لایەنی باش و لایەنی خراپ دەگرێتەوە، بەڵام زۆرینەیان هەڵگری تێڕوانینی باش نین و زۆرتر هەڵگری بیری پیاوسالاری و بەسەرداسەپاندنن.

**پەراوێزەکان**

1- ئەم توێژینەوەیە هەڵهێنجراوە لە تێزی دکتورا بە ناونیشانی: دارشتەی کۆمەڵایەتی لە زمانی کوردیدا(جیاوازی جێندەری بە نمونە).
2- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی فریزی خستنەپاڵ(بڕوانە: مەعروف، 2010: 45-57).
3- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(موحسینی، 2005 ).
4- بۆزانیاری دەربارەی ئەرکەکۆمەڵایەتییەکانی زمان بڕوانە(فەتاح،1990: 26- 34، شەمس، 2006).
5- بۆ زانیاری دەربارەی سەرەتای لێکۆڵینەوەکان لەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵ و هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوونی لای بیرمەند و زانایان، بڕوانە(عبدالجبار، 2009).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**سەرچاوەكان**

**أ- سەرچاوە كوردییەكان**


1. ئەحمەد، بێستوون حەسەن(2012)، كۆمەڵەوشە و پێكەوەهاتن لە زمانی كوردیدا، چاپی یەكەم، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
2. ــــــــــــــــــــ (2018)، لێكدانەوەی سیمانتیك و پراگماتیكیی دەربڕاوە چەسپاوەكان لە زمانی كوردیدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.
3. ئەحمەد، دلڤین میقداد(2023)، دەربرینێن جڤاكی د ئاخفتنا خەلكێ دهۆكێدا / سلاڤكرن وەك نمونە، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.
4. احمد، محمود فتح الله(2016)، ناوبەن پەیوەندی لەنێوان كلتور، زمان و بیركردنەوەدا، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، ژمار(7)، ڤۆلیۆم(3)، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.
5. ئەمین، نەوشیروان مستەفا(2015)، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین چەند بابەتێكی كۆمەڵناسی، كتێبی یەكەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی الدار العربیة للعلوم-ناشرون، بیروت-لبنان.
6. حاجی مارف، ئەوڕەحمان(2014)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
7. حسەین، شیلان عومەر،(2009)، ئیدیۆم چەشن و پێكهاتنی لە زمانی كوردیدا، چاپی یەكەم، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
8. حەسەن، محەمەد فەریق(2008)، مێنتەلێتی خێڵ، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەی ئاراس-ژمارە820، هەولێر.
9. حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز(2023)، سینتاپراگماتیك لە زمانی كوردیدا، نامەی دكتۆرا، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، كۆیە.
10. دزەیی، عەبدولواحید موشیر(2014)، زانستی زمانییی دەرونی، چاپی یەكەم، ناوەندی ئاویەر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چەپخانە(؟)، هەولێر.
11. سەعید، سازان زاهیر(2019)، نواندنی سینتاكسی لە زمانی كوردیدا، نامەی دكتورا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.
12. سەعید، یوسف شریف، ئەحمەد، عەبدولمەناف رەمەزان(2017)، پەیوەندی نێوان زمان و بیر لە چوارچێوەی تیۆری ڕێژەیی زمانی، گۆڤارا زانكویا دهوك، زانستێن مرۆڤایەتی و كۆمەلناسی، پەربەندا:20، ژمارە(1)، زانكۆی دهۆك، دهۆك.
13. شەمس، هێمن عەبدولحەمید(2006)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە كۆمەڵایەتییەكاندا، نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، كۆیە.
14. شەمس، هێمن عەبدولحەمید(2013)، هەژموونی زمان لەسەر كەسێتی تاك(پەندی پێشینان بە نمونە)، نامەی دكتۆرا، زانكۆی كۆیە، كۆیە.
15. صالح، دەروون عبدالرحمن(2020)، ڕۆڵی زمان لە ئاراستەكردنی لایەنی دەرونی تاكدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
16. عەلی، كسپە ئەبوبەكر(2011)، پەیوەندی بیر و زمان لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.
17. قادر، كاروان عومەر(2013)، كاریگەریی جیاوازییە زمانییەكان لە ستانداردكردنی زمانی دایكدا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، بەشی B، ژمار(40)، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.
18. محەمەد، بژوێن یەحیا(2016)، نواندنی فەرهەنگی لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.
19. محمد، بەهار زاهیر( 2009)، زمان و یاسا كۆمەڵایەتییەكان، كۆلێژی زمان، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.
20. موحسینی، منوچهیر(2005)، كۆمەڵناسی گشتی - بەشی یەكەم، وەرگێڕانی: ئیروانی، موسڵح، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
21. ال عبدالله، محمد بن محمود( 2014)، دەرونزانی كۆمەڵایەتی، وەرگێرانی:شوانی، ئارام ئەمین، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

22. مەحوی، محمد(2010)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
23. مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا(2010)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
24. ———————————— (2014)، زانیاری زمانیی و پێرەوی نیشانەکردن لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمار(45)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
25. نالی، ئەدھەم غەریب(2023)، درکپێکردنی ڕێگەزمانی بونیادنان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**ب - سەرچاوە عەرەبییەکان**

1. حماد، احمد عبدالرحمن(1985)، العلاقة بين اللغة والفكر، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، مصر.
2. داود، محمد محمد(2009)، جدلية اللغة والفكر، دار غريب للطباعة والنشر، قاهرة.
3. دمياطي، محمد عفيف الدين(2017)، مدخل الى علم اللغة الاجتماعي، الطبعة الثانية، مكتبة لسان العربي للنشر والتوزيع، اندونيسيا.
4. الشواني، محمد حسين محمد(2019)، الفكر الاجتماعي في الحكم والامثال الكردية، مجلة الاداب، العدد(129)، جامعة بغداد، العراق.
5. عبدالجبار، نبيل عبدالحميد(2009)، تايخ الفكر الاجتماعي، دار دجلة.
6. فيركلاف، نورمان(2024)، اللغة والسلطة، ترجمة: عناي، محمد، مؤسس هنداوي.
7. وافي، على عبدالواحد(1983)، اللغة والمجتمع، طبعة الرابعة، عكاظ للنشر والتوزيع، جدة.
8. يوسف، جمعة سيد (1990)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة، العدد(145)، الكويت.

**پ- سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

1. Ahmad, B. H. (2020). Distribution of collocational expressions from the perspective of psychological and contextual meaning: Proverbs as an example. Journal of University of Human Development, 6(1), 1-8.
2. Austin,J.L(1962), How to do Things with Words, 2nd edition, Edit by: Urmson, J.O &Sbisa, M. Massachusetts, Cambridge: Harvard University Press.
3. Crystal, David(2008), A Dictionary of Linguistics & Phonetics, 6th edition, Oxford: Black Well publishing.
4. Labov,W. (1966). The social stratification of English in New York City. Washington DC: Center for Applied Linguistics.
5. Lakoff, R. (1975). Language and Women's Place. New York: Harper & Row.
6. Lund, Nick(2003), Language and thought(Cognitive Psychology), London& New York: Routledge Modular Psychology Series.
7. Qadir, K. O. & Ahmad, S. M. (2023), Relative Expression in Kurdish Language, Journal of University of Human Development, 9(1), 47-55.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.10
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)